# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکـــراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات
ژمارە (٢٤) ٢٠١١/٩/١٣

## جارێکی تریش کتێب بۆ سەرجەم کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان دابیندەکرێت

لەچوارچێوەی بودجەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان بۆ کڕینی کتێبو دابەشکردنی بەسەر سەرجەم کتێبخانە گشتییەکاندا، ئەمساڵیش وەك ساڵی پار، پارە تەرخانکراوە بۆ ئەو مەبەستە.

ڕۆژی ٢٠١١/٩/٨ لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کۆبوونەوەیەك بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتیو جێگری بەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەرانی کتێبخانە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ڕانیە، گەرمیان، کۆیەو چەمچەماڵ) بەستراو تیایدا ڕێوشوێنی پێویست دیاریکرا، تا لە ئایندەی نزیکدا هەر بەڕێوەبەرێتییەك کتێب بۆ کتێبخانەکانی دەستنیشان بکات.

بەڕێز سیروان بەکر سامی ج. بەڕێوەبەری گشتیو سەرۆکی لیژنەی باڵای کڕینی کتێب ڕایگەیاند، بێجگە لە لیژنەی باڵا کە ئەندامەکانی پێکهاتوون لەبەڕێوەبەرانی کتێبخانە گشتییەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك، لیژنەی فەرعیش بۆ هەر بەڕێوەبەرێتییە پێکدەهێنرێن بۆ دەستنیشانکردنی کتێب بەزمانەکانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزیو فارسیو کڕینیان بۆ سەرجەم کتێبخانە گشتییەکان کە ژمارەیان (٧٠) کتێبخانەیە.

## کتێبخانەیەك لە ئەمنەسوورەکە





لەنێو مۆزەخانەی نیشتمانیی شۆڕشو قوربانییەکانی گەلی کورد، ناسراو بە(ئەمنە سوورەکە)، کتێبخانەیەك دامەزرێنراوەو بڕیار وایە لەئایندەیەکی نزیکدا بکرێتەوەو خزمەتگوزاریی خۆی پێشکەش بە خوێنەرو سوودمەندان بگەیێنێت.

لەنووسراوێکدا بەڕێوەبەری گشتیی مۆزەخانەی نیشتمانی داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات بەناردنی چاپەمەنی کۆمەکی کتێبخانەکە بکەن، تاوەکو ببێتە سەرچاوەیەکی تری بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لە شارەکەدا.

شایانی باسە لەم مۆزەخانە گرنگو فراوانەدا، کە لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری دژ بە گەلەکەمان ئەشکەنجەی هاووڵاتیانی کوردی تێدا دەدراو خوێنی تێکۆشەرانی تیادا دەڕژێنرا، چەند هۆڵێك بۆ کاری هونەریو وێنەی فۆتۆگرافی بەڕووی میوانو گەشتیاراندا واڵایەو هۆڵێکی گەورەش بۆ پێشانگا شێوەکارییەکانی لەخزمەتی هونەرمەندو هونەردۆستانی شارەکەدایە.

## کتێبخانەی گشتیی قەڵادزێ و چالاکیی بەردەوام



**ئاسۆی کتێبخانە**

کتێبخانەی گشتیی قەڵادزێ کە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە، تائەمڕۆ خزمەتگوزاریی پێشکەش بە ڕۆشنبیرو خوێندکارانی ناوچەکە دەکات.

بەڕێز ئەحمەد محێدین لێپرسراوی کتێبخانەکە لە لێدوانێکدا بە(ئاسۆی کتێبخانە)ی ڕاگەیاند:

– لەماوەی ٨ مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا ٨٦٢ کتێبی نوێ بە زمانی کوردیو عەرەبیو بیانی لە کتێبخانەدا تۆمار کراون.

سەبارەت چالاکییەکانی دیکە، لێپرسراوی کتێبخانەکە وتی: وێڕای سەردانی سەدان کەس بەمەبەستی خوێندنەوەو خواستن، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی باخچەی ساوایانو منداڵانی دیکە سەردانی کتێبخانەیان پێکراوەو سەرچاوەکانی سەر بەجیهانی منداڵانیان خراوەتە بەرچاو چاپکراوەکانیان بۆ خوێندراوەتەوە.

## ماڵپەڕی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

لەم ماوەیەی دواییدا بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی ماڵپەڕێکی دامەزراندوە بەمەبەستی شارەزابوونی خوێنەرانو ڕۆشنبیران بە کتێبخانەکەو سەرچاوەکانو بڵاوکراوەکانی بەئاسانی، دەتوانرێت بەهۆی ئەم ماڵپەڕەوە خوێنەر چی مەبەست بێت دەستی بکەوێت: www.Slemany library.com

## ڕێکخراوی دەریا درێژە بەچالاکییەکانی دەدات

**پێشڕەو حەمە ساڵح**

لە درێژەی کاروچالاکییەکانی (ڕێکخراوی دەریا) کە بایەخ بە کتێبخانەی دەنگی دەداتو تائێستا ژمارەیەکی زۆر کتێبی دەنگییان بۆ نابینایانو نەخوێندەوارو دابڕاوان بەرهەمهێناوە، لەشەش مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا ٣٠ کتێبی تریان تۆمارکردوەو لەبەرنامەشیاندایە چەندین کتێبی بەنرخی تر بەتۆمارکراوی بەرهەم بهێنین، لەوانە دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد، ئینسایکلۆپیدیای کوردی.

لەپاڵ دابەشکردنی سیدییە تۆمارکراوەکاندا، دەریا کتێبخانەیەکی دامەزراندوەو دوای سەردانی بەڕێزان ئاری بابانو یاسین قادر بەرزنجی وەك نوێنەرانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بۆ ڕێکخراوەکە، بڕیاردرا هاوکاریی ئەم کتێبخانە نوێیە بکرێت.

هاوکات کارە هونەرییەکانی کتێبخانەی (دەریا)ش ئەنجام بدرێت، هەروەها ڕێکخراوی دەریا هاوکاریی کتێبخانە دەکات بۆ پێکهێنانی گۆشەیەك بۆ سەرچاوە دەنگییەکان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دا.

چاپکراوی نوێ

## چەند بابەتێك سەبارەت کتێبخانەو زانیارییەکان

**مەهدی ئەحمەد**

دوایەمین کتێبی نووسەرو وەرگێڕ (یاسین قادر بەرزنجی) بەناونیشانی(چەند بابەتێك سەبارەت کتێبخانەو زانیارییەکان)ەو لەلایەن دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی–یەوە لە ٢١٢ لاپەڕەدا لەچاپدراوەو بریتییە لە چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەکی وەرگێڕدراو سەبارەت زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان.

لەپێشەکی کتێبەکەدا، بەڕێز ئاری بابان نووسیویە"ئەم کارەی بەڕێز یاسین قادر بەرزنجی بەکارێکی گرنگو دەستپێشخەرییەکی باشی دەزانین. چونکە ئەو کتێبانەی دەربارەی زانستی کتێبخانەکان نووسراون یان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕن".

ئەم کتێبە کە پێنجەمین چاپکراوی وەرگێڕە لەبواری ئامادەکردنو وەرگێڕانی بابەتەکانی سەر بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکان، چەندین لێکۆڵینەوەی لەخۆگرتووە، لەوانە(بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکان، ڕۆڵی پسپۆڕی کتێبخانە لەپەرەپێدانی هۆشیاریی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگادا، پێکهاتەی کتێبخانە نوێیەکان، دڵەڕاوکێی کتێبخانەو..تاد).




سەبارەت ئەم چاپکراوەیو بەرهەمەکانی ئایندەی لەم بوارە گرنگەدا، کاك یاسین بە(ئاسۆی کتێبخانە)ی ڕاگەیاند"بۆ دوو ساڵ دەچێ سەرقاڵی نووسینو وەرگێڕانی کتێبو بابەتەکانی سەر بەو زانستەم، چونکە کتێبخانەی کوردی هەژارە لەم جۆرە سەرچاوانەدا، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بوو کە(ئاسۆی کتێبخانە) بووە پرۆژەیەکی سوودبەخش، لەئێستادا سەرقاڵی تەواوکردنی دوو کتێبی نوێم، ئەوانیش وەرگێڕانی دوو کتێبی گرنگن بەناوی (تصنيف الكتب في المكتبات المدرسية والمكتبات العامة)و (المكتبات العامة) کە لە ئێستادا بەزنجیرە وەك کتێبی (ئاسۆی کتێبخانە) بڵاودەکرێتەوە، هیوادارم ئەم هەوڵانەش بەدیهێنەری مەبەستمان بن).

## پێشیارێك

## بەرەو خوێندنەوە لە قۆناغە هەستیارەکاندا

بەندە، لە ئەزموونو کارکردنی دەیان ساڵەیدا لەبواری کاری کتێبخانەییدا، بۆی سەلماوە کە سیستمی گەیاندنی کتێب بەتەمەنو ڕەگەزو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بەڕێگای درووست نەچووە بەڕێوە، چونکە لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانی باش داڕێژراویان بۆ ئەم پرسە گرنگە نەبووەو نییە، چۆن؟

ئاشکرایە درووستبوونی کاراکتەری هەر مرۆڤێك لە تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکاتو ژینگەی یەکەم کە ماڵو خێزانەو ژینگەی دووەم کە باخچەی ساوایانو قوتابخانەیە، کاری جددییان تێدا نەکراوە بۆ دابینکردنی سەرچاوەکانی خوێندنەوە بۆ ئەو تەمەنە هەستیارەی منداڵان.

واتە منداڵ (بەشێوەیەکی گشتیی) بێ بەشن لە کتێبو چاپکراوەکانی تر، کەواتە کە گەورەتریش دەبنو دەبنە خوێندکاری قۆناغەکانی ترو تا دەبنە پیاوانو ژنانی وڵات (زۆربەیان) ئارەزووی خوێندنەوە وەك پێویستییەکی هەرە گرنگی ژیانی مرۆڤ نابێتە خەمو خولیایان.

ئەگەر بێتوو وەزارەتی پەروەردەو دەزگاکانی چاپو لایەنە تایبەتمەندەکانی تر بەڕێگای جیاواز چاپەمەنیی بگەێننە باخچەو قوتابخانەو دایکانو باوکان، بەنرخی هەرزان، ئەوا بەشێك لەو کێشەیە روو لەچارەسەر دەبێتو بایەخ بەچاپکردنی زیاتری بابەتی زانستیو زانیارییە گشتییەکانیش بدرێت ئەوا تۆوی ئارەزووی خوێندنەوەو فێربوون لەعەقڵو ناخی مێردمنداڵانو گەنجاندا دەچێندرێو خوێندنەوە لەلایان دەبێتە ئارەزوویەك کەچی دی نەتوانن فەرامۆشی بکەن.

**سەرنووسەر**



3 نهێنییەکی سدیق ساڵح


7-6 ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا



9 مێژووی خوێندنەوە


10 فەلسەفەی کتێبخانەکان

# کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان لە نێوان گوتارو کرداردا

**ئیدریس محەمەد سادق**

لە هەموو سەردەمێکدا کتێبخانە هێمای شارستانیەتی مرۆڤایەتیو رۆشنبیریی گەلان بووە، بۆیە کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان پێویستییەکی گرنگی ئێستاو داهاتووە، ئەمەش بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی دەستنووسو بەڵگەنامەو بەرهەمە هزرییەکانی زاناو نووسەرانو شاعیرانی نەتەوەی کورد لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت، بەمەبەستی پاراستنو تۆمارکردنی مێژوویەکی زێڕین بۆ نەوەیەك لەدوا یەکەکانی داهاتووی نەتەوەی کورد، هەروەها بەئامانجی سوود وەرگرتنی لێکۆڵەوەرانو پێدانی ژمارەی سپاردنی کتێب لە کتێبخانەی نیشتمانیو سەرپەرشتیو بەرەوپێشبردنی گشت جۆری کتێبخانەکان، بێگومان هەڵمەتی کڕینی دەستنووسو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان بەپێی ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو ماوەی دەیەها ساڵ دەخایەنێت ،بۆیە دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان هەرچەند پەلەی لێبکرێت هێشتا هەر درەنگە، لێرەدا ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە لەبارەی ئەوەی کە بەگوتار کراوە ئەوەیە کە بەپێی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە (١٤) ساڵی (٢٠٠٧ ) و ماددەی دووەمو خاڵی چوارەمیدا هاتووەو ئەمەش دەقەکەیەتی (دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق). هەروەها لەخاڵی نۆیەمی راسپاردەکانی کۆنفرانسی یەکەمی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان (٢٣-٢٥) نیسانی ساڵی (٢٠٠٦) دەڵێت: (کاربکرێت بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی کتێبخانەی نیشتمانیو کتێبخانەی منداڵانی کوردستان جێبەجێبکرێت). لە یەکەم خاڵی راسپاردەکانی یەکەمین کۆنفڕانسی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە (١١-١٣) تەمموزی ساڵی (٢٠١٠) داکۆکی لەسەر دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانی دەکاتەوەو دەڵێت: (دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی لەهەرێمی کوردستان). ئەمە جگە لەوەی بەردەوام نووسەرانو رۆشنبیرانی دڵسۆز رۆڵی باشیان بینیوە بەشێوەی نووسینو گوتار بۆ ئەوەی کتێبخانەی نیشتمانی بچێتە باری جێبەجێکردنەوە، تەنانەت بە وردیو درێژی چوونەتە ناو بابەتەکەو بەجوانی ڕوونیان کردۆتەوە تا ئەو رادەیەی شوێنی کتێبخانەی نیشتمانییان لە پایتەختی کوردستان دیاری کردوە.

لەبواری کرداردا ئەوەی بۆی کراوە بریتییە لەهەڵگرتنی دوو دانە (لەکاتی پێدانی ژمارەی سپاردن) لە هەر کتێبێکی نووسەرێك بۆ کتێبخانەی نیشتمانیی داهاتووی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٧)وە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان کە ژمارەیان نزیکەی (١٦٠٠٠)کتێب دەبێت، کاتی ئەوە هاتووە وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان دەستپێشخەری بکاتو هەنگاو بهاوێت بۆ کۆکردنەوەی کتێبخانەو فەرهەنگخانەو کەلەپوورو خانەی بەڵگەنامەکان لە ژێر چەترێکدا بۆ هەوێنی دانانی بەردی بناغەی کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستانو بەشێوەیەکی زانستییانە ئەم قۆناغە ببڕێت.

بەڵێ با لەدوای تەواوبوونی پڕۆژەی مۆنۆمێنتی شەهیدان ئەمجارەیان پڕۆژەی دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان بێت، بۆ لە ئامێزگرتنی بەرهەمەکانی شەهیدانو بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکانی کوردۆلۆژیو بۆ پاراستنی نامەکانی ڕۆژانی سەختی شاخو شاریان.

**سەرچاوەکان**

١- قانون وزارة الثقافة لأقليم كوردستان – العراق.

٢- بەرەو کتێبخانەی سەردەمییانە/ کۆنفڕانسی یەکەمی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

٣- پەرەپێدانی کتێبخانە گشتییەکان ئەرکێکی مەعریفیو پەروەردەییە /یەکەمین کۆنفڕانسی کتێبخانە گشتییەکان.



کتێبخانەی نیشتمانیی کەنەدا

## کۆڕی کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان

# پرۆژەی گۆتەنبێرگ

**کامیل محەمەد قەرەداغی**

باسی ئەمجارە تەرخانکراوە بۆ باسی پرۆژەی گۆتەنبێرگ، کە پرۆژەیەکی گەورەی جیهانیو کتێبخانەیەکی کراوەیەو خزمەتگوزاریی زۆرباش بەزمانی ئینگلیزی پێشکەشی سەردانکەرانی دەکاتو هەموو پرۆژەکەش بەخۆڕاییە، بەڵام لە لینکێکی بچووکدا ئەوەیان نووسیوە، کە ئەگەر دەتەوێ ئەم پرۆژەیە باشتر بکرێت، ئەوا کۆمەکی دارایی پێبکە.

وەك لەناوەکەیەوە دەردەکەوێ، بەناوی زانای ئەڵمانی یۆهانز گۆتەنبێرگ (١٣٩٧-١٤٦٨)ەوە ناونراوە، کە یەکەمین کەسە بەهەوڵی خۆی پیتی چاپی دۆزیوەتەوە.

کارە گرنگەکەی ئەم پرۆژەیە لەوەدا، هاتووە سەرچاوەو کتێبە کۆنەکانی ناو زمانی ئینگلیزی، بۆنمونە کتێبەکانی سەدەی حەڤدەو هەژدەو بەرەوژوور، هەرچییان بەردەست کەوتبێت، جارێکی تر چاپیان کردۆتەوەو بە خاوی خستونیانەتە بەردەستی خوێنەرانی ماڵپەڕەکەو دەتوانیت بە هەرشێوەیەك بتەوێ بەوشێوەیە دایبەزێنیت، یان چاپی بکەیتو بۆخۆت هەڵیبگریتەوە.

ناونیشانی ئەم ماڵپەڕە لەسەر ئینتەرنێت بریتیە لە (www.gutenberg.org) و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە، کە پرۆژەکەیان ئەوەی کەکاری خۆیانە گەیشتۆتە سیو شەش هەزار کتێب، بەڵام هەوڵی خۆبەخشان گەیاندویەتیە سەد هەزار کتێب، هەمووشیان ئامادەن بۆ بەکارهێنان.

کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە هەمەچەشنەن، من چەند کتێبو سەرچاوەی گرنگم لەبارەی مێژووی کوردو ناوچەکەوە لێ وەرگرتووەو هەمووی سوودی لێدەبیندرێت.

لەبەر گرنگیی ئەم ماڵپەڕە لەسەر ئاستی جیهان بەهای تایبەتیی خۆیی هەیەو زۆربەی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان لینکی ئەم کتێبخانەیەیان لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ماڵپەڕەکانی خۆیان داناوە، بۆنموونە چەند زانکۆیەکی ناو بەغداش لینکیان بۆ داناوە.

زمانی ئەم ماڵپەڕە ئینگلیزییە، لەبەرئەوە ئەو کەسانە دەتوانن سوودی لێ وەربگرن کە دەتوانن مامەڵە بەو زمانە بکەن.

بەڵام جگە لە زمانی ئینگلیزی، بە زۆر زمانی تریش کتێبو سەرچاوەی تێدا هەیە، هەر زمانێکی دونیا پەنجا کتێبی لەو ماڵپەڕەدا دانابێت لینکیان بۆ زمانەکە داناوە، بۆئەوەی خوێنەرانی ئەو زمانانەش بە ئاسانی بتوانن تێیدا بگەن بە مەبەستی خۆیان، بەڵام نە کوردیو نەعەرەبیو نە فارسی، هیچ کام لەم زمانە رۆژهەڵاتیانەی تێدانییە.

پۆلینی ئەم کتێبخانەیە بە ناوی نووسەرو ناوی بابەت دانراوە، ناوی نووسەران لە (A تا Z) و ناوی بابەتەکانیش هەر بە هەمان شێوە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ بتەوێ بەدوای کتێبێکی (بێرتراند رەسڵ)دا بگەڕێیت، ئەوا دەبێ بچیتە ناوی نووسەرانو لەوێ پیتی (ر) دیاری بکەیتو لەگەڵیدا بڕۆیت. بەڵام ئەگەر بەپێی بابەت گەڕایت، ئەوا بۆ ئەدەب (لیتریچە) پیتی (ل) و بۆ مێژوو (هیستری) پیتی (ه) و بەمشێوەیە بەدوای سەرچاوەی خۆتدا دەگەڕێیت.

ئەمیش بەچەند شێوازێکی جیای (هـ ت پ، پلەین تێکست، پی دی ئێف )و هی تریش کتێبەکانت دەخاتەبەردەست.

ئەمرۆ کە ئەم باسەی لەبارەوە دەنوسین لە ئامارێکیدا نوسراوە، کە لە سی رۆژی رابردوودا 3378878 جار کتێبی لێ دابەزێندراوەو ئەمەش ژمارەیەکی زۆر گەورەیە.




## کتێبەکانی کتێبخانەکەم

**د. فەرهاد پیربال**

# داروینیزمی کۆمەڵایەتی



فرێدریك نیتشە

باوەڕناکەم هیچ فەیلەسووفێکی سەدەی نۆزدەهەم ئەوەندەی (فرێدریك نیتشە)ی ئەڵمانی کێشەو گرفتو هەرای بەهۆی کتێبە فەلسەفییەکانییەوە بۆ مرۆڤی سەدەی بیستەم دروست کردبێ!

من لەسەرەتادا ناوی فرێدریك نیتشەم لەڕێگەی ئەو کتێبانەوە بەرچاو کەوت کە لەبارەی تیۆرە بایلۆژییەکەی چارلس داروین دەمخوێندنەوە. ناوی لەڕیزی ئەو فەیلەسووفانە باسکرابوو کە رۆڵیان هەبوو لە گەڵاڵەکردنی رێبازی(داروینییە کۆمەڵایەتییەکان) کە قوتابخانەیەکی بەستێنی زانستی کۆمەڵناسینو پێیان وایە هەمان ئەو زۆرانبازییە بایلۆژییەی داروین باسی دەکات کە لەناو ئاژەڵو گیانەوەران لەپێناو مانەوەدا هەیە، بەهەمان شێوە لەناو ئینسانەکانیشدا هەیە.

ئەم کتێبە مارکسییانەی دەمخوێندنەوە، واشیان لەمن دەگەیاند کە بنچینەی ئەم بیرۆکەیە، واتە(داروینیزمی کۆمەڵایەتی) لە سەرەتادا فرێدریك نیتشە، لەژێر کاریگەرێتیی بیری داروین دا دایمەزراندووە: ئینسان گورگی ئینسانەو لەشەڕدایە لەپێناو مانەوەی خۆیو سەرکەوتنی بەردەوامی خۆیو گەیشتن بەپلەی هەرە باڵایی.

ئەمە لەحاڵەتێکدا نیتشە دەقاودەق ئەمەی نەگوتووە کە مارکسییەکان نیتشەی پێ تاوانبار دەکەن، جگە لەمەش ئەو نەهاتووە هیچ تیۆرێکی سۆسیۆلۆژی دابڕێژرێت ئەوەندەی ویستوویەتی وەك فەیلەسووفێك دیدی خۆی بەرامبەر ژیانو ئینسان بەیان بکات.

نیتشە لەو فەیلەسووفانەیە، هیچ نەبێ لەچاو عەمانوێل کانتو هیگڵو فیورباخ، بەلای کەمییەوە بۆ خوێندەوارێکی ئاستی مەعریفەت نزمو عەوامی وەکو من، ئاسانترو زووتر تێی دەگەیت؛ چونکە ئەو بەزمانێکی رەوانترو عەوامتر قسە لەگەڵ خوێنەری خۆی دەکات.. تەنانەت هەندێ جار هەست دەکەی شیعر دەنووسێ. ئەم شێوازی دەربڕینەش لای ناوبراو، منی زووترو زیاتر متووی خۆی کرد، فەلسەفەم بەهۆی نیتشەوە خۆشترویست، ئەمە بۆ منی ئەو زەمانە زۆربوو.

دوای خوێندنەوەی(هكذا تكلم زرادشت) کە تاکە کتێبێکی ناوبراو بوو تا ئەو زەمانە کرابووە عەرەبی(یان هیی تری هەبووەو ئێمە نەماندیبوو)، وای لێکردم لە ئێران کتێبی دووەمی بخوێنمەوە(فراسوی نيكو بد)، کە بێ ئیمانانە دادەبەزێتە سەر فەیلەسووفە ئیماندارو مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست؛ تۆمەتباریان دەکا بەوەی رێگر بوون لەبەردەم پێشکەوتنی ئینسان.

نیتشە ئەوەندە دۆخی بەتەنیا مانەوەو بێکەس مانەوەی مرۆڤی ستەمدیدەی پێ ناخۆش بوو، ئەوەندە زوڵمی کەنیسەو دکتاتۆرەکانی بەسەر مرۆڤەوە، لەسەر دڵ گران بوو؛ کافر ببوو، دەیگوت"ئەگەر خوا هەیە..کوانێ.. ئەدی بۆچی لەهەمبەر ئەم زوڵمو زۆرە بەقسە نایەت؟" لەتاو بێکەس مانەوەی مرۆڤ لەناو ئەم دۆزەخە زەمینییەدا، کافر ببوو دەیگوت"خوا مردووە".. دەبی ئینسان بۆ خۆی بێت بتوانێ لەم کۆیلەییەی بەدەست زوڵمو دواکەوتنو کەنیسەو زاڵمەکانەوە، خۆی رزگار بکات..نەك چاوەڕێی خوا بکات.

بەم شێوەیە، کوفرو بێ ئیمانیی نیتشە، دەعوەتکردنی خوێنەرە بۆسەر خوانی پەیداکردنی ئیرادەی تاکە کەس لەپێناو گۆڕان، رێنماییکردنی خوێنەرە بۆ ئەوەی تاکە کەس لەگۆڕانکارییەکاندا متمانە بکاتە سەر تەنیا خۆیو هێزە مادییە مومکینترەکان.

لێرەوە، من حەزمکردو نیتشەم ناسی: چونکە ئەو بەمنی تەنیا باڵی گوت:

– خۆت بەو.. ئیرادەی خۆتت هەبێ بۆ گۆڕینی ژیانی خۆتو دەوروبەرت. چاوەڕێی هیچ هێزێکی ئایدیاڵ چیتر مەکە !

ئەم کتێبە

## دیسان شەریف پاشا

• پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

کە لە رۆژنامەیەکدا گۆشەم بۆ دائەنرێ، هەر ئەوەندە دەنووسم کە رۆژنامەکە لەڕووی جێگەوە دەستنیشانی کردووە بۆم. لەچاوپێکەوتنی رادیۆو تەلەفزیۆنیشدا گوێڕایەڵی ئەوانمو هەر ئەوەندە دەدوێم کە ئەوان بۆیان داناوم.

بۆ ئەم گۆشەیە نابێ باسی کتێبێك ببێ بەدوو هەڵقە، بەڵام کە بەهەڵقەیەك تەواو نەکراو زانیاریی تازەش هاتە کایەوە ناچار ئەمجارەش باسی شەریف پاشای خەندان دەکەم.

پاش نووسینی هەڵقەی پێشوو کە چاپکەر نووسیویە( چاپی یەکەم ــ بێرووت)و سوپاسی هاوڕێی کۆچکردووم حافز قازیی کردووە کە خاوەن ئیمتیازی دەستگای( سپیرێز)ەو ئەو رەشنووسەکەی داوە بەو دەستگایە لە بیرووت، پاش ئەوە لەگەڵ کاك موئەیەد تەیب خاوەنی(سپیرێز) قسەم کرد، فەرمووی:

١–کاك حافزی کۆچکردوومان هەر ناوی وەك خاوەن ئیمتیازەو ئاگای لەکارەکانی(سپیرێز) نەبووە.

٢–ئێمە، واتا(سپیرێز) ئەو کتێبەمان چاپکردووەو ئەوە چاپی یەکەم نی یەو پرس بە ئێمە نەکراوە. ئیتر ئەمە خۆتان ناوی لێ بنێن.

هەرچی(شەریف پاشا)یە، دەبێ هەق بووترێت کە ئەو پیاوە تەواو کوردبووەو سەرکەوتنو بە ئامانج گەیشتنی کوردی ویستووە، ئەگینا کوڕی خێزانێکی ناوداری کورد لە ئەستەمووڵەوە بچێتە پاریسو یادداشت بدا بە(کۆنگرەی ئاشتی)، خۆی بە ئینگلیزو فەڕەنسەوە خەریك بکات بۆ مافی کورد، کە نەبوو روو بکاتە فاشیستەکانی ئیتاڵیاو ئەڵەمان. کە لەوانیش هیچی دەستنەکەوت چەند یادداشتیتر بنووسیو دووا شت، بەنائومێدی بچێتە لای ماڵە خەزورانی لە میسر، کە لەنەوەی محەمەد عەلی پاشای میسر بوونو بەڕەچەڵەك کورد بوون.

وەسیەتی ئەوەبوو کە لاشەکەی بسووتێنو خۆڵەمێشەکەی بخەنە دەریاوە، چونکە کەسێ کە دەوڵەتی خۆی نەبوو، بێ نیشتمانە..

بەڕاستی پیاوێکی گەورەی کورد بوو سوپاس بۆ د. هرۆری، سوپاس بۆ سپیرێز، گەردنی شەریف پاشاش لەو رقە بێ بناغەیەی لە کۆمۆنیستیی ئازاد بێت، بەهیوای دەرفەتێکیترم بۆ لەسەر نووسینی.

## لەکتێبخانە بەناوبانگەکان
# کتێبخانەی نیشتمانیی جەزائیر

ئا. تابان حەسەن



ئەم کتێبخانەیە، هەروەك بانگی ناوەندیی زانیارییە نیشتمانییەکان وایەو تیایدا کاروبارەکان بە تەکنیکی باڵا بەڕێوە دەچن، ئەوانیش لە رێی سیستمێکی کۆمپیوتەریی لە نێو تەلاری کتێبخانەکەدا، وەکو کۆکردنەوەو هەڵگرتنی زانیارییەکانو هێنانەوە بەردەستیان، یان گواستنەوەی دۆکیۆمێنتەکان لە گەنجینەکانەوە بۆ بەردەستی سوودمەندانو بە پێچەوانەوە، یان ئاگاداربوون لە سەرچاوەکان کە ژێدەری سەرەکیی بەرهەمی هزریو نیشتمانییە لە سەرجەم بوارە مەعریفییەکاندا، هەڵبەت کۆنترین دامەزراوی پاراستنی دۆکیۆمێنتیش لە وڵاتەکەدا.

### دامەزراندن

بە بڕیارێکی وەزیری شۆڕش، ئەم کتێبخانەیە ساڵی ١٨٣٥ دامەزراوەو دوای دەستەبەرکردنی کتێبو دۆکیۆمێنتەکان، کتێبخانەکە لە چەند شوێنێکدا کارەکانی بردوە بەڕێوە تاوەکو ساڵی ١٨٦٣ لە کۆشکی(دای مستەفا پاشا) دا جێگیر بووە. دواتر ساڵی ١٩٥٨ گوازراوەتەوە بۆ تەلارێکی ٤٨٠٠ مەتر دووجایی لە شەقامی فرانس فانون.

دواجار، ساڵی ١٩٨٦ پڕۆژەی دروستکردنی تەلاری نوێ بۆ کتێبخانەکە لە ناوچەی(حامە) دەستی پێکردوەو لە ١ی نۆڤەمبەری ١٩٩٤ دا کراوەتەوە.

کتێبخانەی نیشتمانیی جەزائیر ناوبانگێکی جیهانیی هەیە، ئەویش لەبەر قەوارەی کتێبەکانیو ژمارەی خوێنەرانی، بە یەکێك لە گەورەترینو نوێترین کتێبخانەی نیشتمانی دادەنرێ، چ لە رووی سەرچاوەکانیەوە، یان لەرووی تەکنیکی پاراستنیانەوە، هەر چۆن رێگای نوێ بۆ رایی کردنی کاروبارەکان گیراوەتەبەر، وەکو تەکنەلۆجیای نوێ بۆ پاراستنی سەرچاوەکانو خزمەتگوزاریی دۆزینەوەی سەرچاوەو خواستن لەلایەن سوودمەندەوە، هەروەها زوو بە دەستخستنی سەرچاوەکان بۆ خوێنەر.

### ئەرکەکانی

• کۆکردنەوەو پاراستنی کلتوری رۆشنبیریی نیشتمانیو کرانەوە بەسەر کلتوری جیهانیدا.

• بەشداریی لە گەشەپێدانی سامانی نیشتمانیی کتێبخانەو بەڵگەنامەکاندا لە رێی:

– کۆکردنەوەی سەرجەم سەرچاوەکان کە سپاردنی یاساییان بۆ دەکرێت.

– وەدەستخستنی دابەشکردنی دانراوەکانو دۆکیۆمێنتە نووسراوو بیستراوو بینراوەکان کە لە دەرەوەی وڵاتەکەدا بەرهەم دەهێنرێن.

– کۆکردنەوەی کۆمەڵە دەستنووسەکانو دراو و میدالو دۆکیۆمێنتە دەگمەنو بە نرخەکان کە بایەخی نیشتمانییان هەیەو رێکخستنی پێڕست بۆیان.

– کۆکردنەوەو پاراستنی هەر سەرچاوەیەك پەیوەندییان بە جەزائیرەوە هەبێت، ئەوانەی لەناو وڵاتەکەدا نووسرابن یاخود لە دەرەوەیدا، لەگەڵ نەخشەو بەرهەمە موزیکییەکانو بەرهەمە دەنگیو بینراوو دەنگییەکان.

– پاراستنی چاپکراوە فەرمییە بییانییەکان کە لە رێی جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی ئاڵوگۆڕی نێو دەوڵەتییەوە چنگ دەکەون.

• هاوکاریی توێژەران لە رێی:

– خستنە بەردەستی سەرچاوەو دۆکیۆمێنتەکان.

– بەشداریی کارا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان.

– بەشداریی لە پڕۆگرامەکانی توێژینەوەدا بۆ بەرژەوەندیی توێژەران.

– ئامادەکردنی پێڕستی ژێدەرەکانو پێڕستە کۆکەرەوەکان.

• کارکردن لە گەشەپێدانی سەرچاوەو توانا داراییەکانی کتێبخانەدا.

• باشکردنی ئاستی کارمەندانو پسپۆڕانو رەخساندنی فاکتەر بۆ گەشەپێدانو نوێکردنەوەی زانیارییەکانیان.

• ئاڵوگۆڕی دۆکیۆمێنتو زانیارییە زانستیو تەکنیکییەکان لەگەڵ کتێبخانەکانی ترو دامەزراوە زانستیو نیشتمانیو بییانییەکان.

• بەشداریی لە خزمەتگوزاریی خوێندنەوە بۆ هەمووان‌دا.

• رێکخستنی چالاکیی روناکبیریو زانستی.

• پێشکەشکردنی هاوکاریی هونەریی بۆ کتێبخانەکانی تری وڵات.

### خزمەتگوزاریی تر

– کاراکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گەڕۆك.

– فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی.

– سپاردنی یاسایی.

– لەبەرگرتنەوەو وێنەگرتنی فۆتۆگرافی.

– خواستنو رێنمایی سوودمەندان.

– ئامادەکردنی پێڕستەکانو بیبلیۆگرافیا.

– پاراستنی خولاوەکان.

– بەشی تایبەت بۆ منداڵانو لاوان.

ماڵپەڕی: الیسیر للمکتبات و تقنیه المعلومات




## لەبارەی کتێبەوە..
# سدیق ساڵح: یەکەمجارە دەیدرکێنم کە وەرگێڕی راستەقینەی هەندێ کتێبی هەستیارم

**لەمێژە وتراوە (کتێب) هاوڕێی نووسەرانو رۆشنبیرانە، بەڵام کەمتر لەبارەی خودی کتێبەوە دواوین، هەربۆیەش لێرەدا بۆچوونی نووسەرانو رووناکبیرە پڕبەرهەمەکانی کورد دەربارەی کتێب دەخەینەڕوو.**

**(سدیق ساڵح) کە ئەمڕۆ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بنکەی ژینە، ساڵانێکە خەریکی نووسینو وەرگێڕانە، لەم دیدارەشدا بۆ یەکەمجار پەردە لەسەر ژیانی شاراوەی نووسینو دنیای کتێب هەڵدەداتەوە، بەتایبەت وەرگێڕانی هەندێ کتێبی ناسراوی کوردی لەناو کتێبخانەی کوردیی، کە تا ئەم ساتە، کەم کەس دەزانێ بەرهەمی ماندووبوونی ئەم پیاوە ماندوونەناسەیە.**



***چۆنو کەی فێری خوێندنەوە بوویت؟**

– لە بیرمە کاتێك منداڵ بوومو هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی دەمخوێند، لەگەڵ مامۆستا (رەفیق ساڵح)ی برام کتێبی (فڕی فڕی قەل فڕی)مان کڕیو پێکەوە خوێندمانەوە، پاشان لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەخوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەروەختە دەستمان پێکرد، سندوقێکی بچووکمان هەبوو هەر رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردیو عەرەبیم بکڕیایە، بەوردی دەمخوێندەوەو دەمخستە ئەو سندوقەوە.

هەرچەندە ئیمکانییەتمان کەم بوو بۆیە زیاتر دەچووینە کتێبخانەی گشتی بۆ کتێب خواستن. لە قۆناغی ناوەندی هەستی شیعریم تێدا دروست بوو، کەشکۆڵێکیشم دانابوو بۆ کۆکردنەوەی شیعری کوردی.. هەرگیز لە یادم ناچێ کە هێشتا خوێندکارێکی زۆر شەرمن بووم، مامۆستا ئەحمەد سەلام کە لە قۆناغی ناوەندی وانەی پێدەوتین، لەبەرئەوەی شیعرێکم نووسیبوو بە بۆنەی یادی دامەزراندنی قوتابیانەوە، لە ساڵی (١٩٧٤) منی هێنایە بەردەم خوێندکارانو شیعرەکەم خوێندەوە، پێشتر زۆر شەرمن بووم بەڵام ئەوە شەرمی بڵاوکردنەوەی نووسینەکانمی لا کاڵ کردمەوە. دواتر لەڕێگەی بەشداریی لە بڵاوکراوەی سەر دیواری قوتابخانەکانەوە، هاتمە ناو دنیای نووسینەوە.

***یەکەم کتێب چی بوو کە خوێندتەوە؟**

– یەکەم کتێب (فڕی فڕی قەل فڕی)م کڕیو خوێندمانەوە، دواتر هەندێ چیرۆکی فۆلکلۆریم خوێندەوە کە ببووەمایەی ئاشنابوونم بە زمانی رەسەنی کوردی. پاشان دەستم بەخوێندنەوەی دیوانە شیعرییەکانی وەك: گۆران، کامەران موکریو بەختیار زێوەر کرد، زیاتر خوێندنەوەکانم لە بواری ئەدەبیاتدا بوو. باوکیشم بەوپێیەی لەناو بواری سەربازیدا کاری کردبوو، حەزی زۆر بە خوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان دەکردو دەیکڕیو دەیخوێندەوە، ئێمەش لە باوکمان وەردەگرتو ئاشنای مێژووی کردین.

***کام کتێب لە یادەوەریتدا ماوەو بۆچی؟**

– زیاتر دیوانە شیعرییەکانی پیرەمێردو گۆرانو کامەران موکری لە هەستمدا دەژین. لە بواری ڕۆماندا (ژانی گەل)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لە کتێبە مێژووییەکان (کوردو عەجەم)ی نەوشیروان مستەفا، لە بواری ئەدەبیاتدا (مێژووی ئەدەبیاتی کوردی)ی عەلادین سەجادی... پاشان نووسینەکانی پیرەمێردو تۆفیق وەهبیو عەلادین سەجادی لە یادەوەریمدا ماون.

***حەزت دەکرد کام کتێب لە نووسینی خۆت بووایە؟**

– حەزم دەکرد هەموو کتێبەکانی کەمال رەئووف محەمەد (بابی لالۆ) لە نووسینی من بوایە، یاخود کتێبی (من التخطيط الي التجزئة ـ سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان من ١٩١٤ الي ١٩٢٣)ی د. سەعد بەشیر ئەسکەندەر.

***کتێب چی پێبەخشیتو چی لێ سەندیتەوە؟**

– لە گەنجیمدا شەرمنو گۆشەگیر بووم، لە ژیانی هەرزەکارییو گەنجیشدا ژمارەی هاوڕێکانم کەم بوون، وام هەست دەکرد هاوڕێیەتی دووچاری سەریەشەم دەکات، ئەمەش ببووە مایەی دروستبوونی هەندێ نائومێدی لە کەسێتیمدا. کتێب لەو ساتەدا منی هێنایەوە ناو ژیانو بوو بەهاوڕێی تەنهایم، دەرگایەکی فراوانی بۆ ئاشنابوونم بە جیهان لێکردمەوە.. هێنامییە مەیدانی نووسینو لەو ڕێگەیەوە پەیوەندیی زۆرم لەگەڵ رۆشنبیرو کەسانی جۆراوجۆردا دامەزراند، شتیان لێوە فێر بوومو منیش هەوڵمدا بتوانم هەندێ کاریگەریی لەسەر کەسانیتر دابنێم، کەواتە کتێب دنیای پێبەخشیم.

بەرلەدروستکردنی خێزان هیچ شتێکی لێ نەستاندوومەوە، بەڵام دوای پێکهێنانی خێزانو پەیدابوونی لێپرسراوێتییەکی نوێ، هەندێکجار کتێب شتی لێ ستاندوومەتەوە، بۆ نموونە تاکە زیانی کتێب کەمبوونەوەی ئاستی بایەخ پێدانمە بۆ خێزانو تەنانەت بە ئاستەم دەتوانم سەفەرو گەشتگوزارێکیان لەگەڵدا بکەم، چونکە نووسین کاتیتری بۆ بوارەکانیتر لێ کەم کردوومەتەوەو تازەش ناتوانم ئەو رێڕەوە هەروا بەسانایی بگۆڕم... ناچارم زوو زوو بەماڵەوە بڵێم، خزمەتکردنی کتێبیش هەر خزمەتی گشتییە.

***خۆشترین یادەوەریت لەگەڵ کتێبدا چی بووە؟**

– هەندێ یادەوەریی لام جێماوە، کاتی خۆی لەتیف هەڵمەت لە نامەیەکی تایبەتیدا، هەڵسەنگاندنی بۆ هەندێ شیعرم کردبوو زۆر بەلامەوە شیرین بوو. نامیلکەیەکم لەسەر نەهێنی تێکشاندنی سەدام حسێن لە ساڵی (١٩٩٢)دا چاپ کرد بەناوی خوازراوی (جوامێر ئیبراهیم) و کۆمەڵێك کتێبی وەك (داستانی ژیانەوە) و (سەرۆك و گەل)ی عەبدوڵا ئۆجەلانو (گفتوگۆیەك لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی) و چەند کتێبێکیترم وەرگێڕاوە کە دەستخۆشی زۆر لە کەسانی تر کراوەو بەوەرگێڕی کتێبەکانیان زانیون.

لەکاتێکدا کەمترین کەس زانیویەتی من ئەم کتێبە هەستیارە سیاسییانەم وەرگێڕاوە... ئەمەش یەکەمجارە لێرەدا دەیدرکێنم!.

ئەو دەستخۆشییانە یادەوەریی خۆشن لای من.

## خالیدی شەعب بۆ (ئاسۆی کتێبخانە):

# ناتوانین بڵێین کتێب بازاڕی نییە

**سازدانی: محەمەد کەریم**


خالیدی شەعب

**بڕوا ناکەم ئەوەی عاشقی کتێب و خوێندنەوە بێت خالید حەمە غەریب یان خالیدی کتێبخانەی شەعب نەناسێت. ئەو پیاوەی هەمیشە بەدوای کتێب و سەرچاوەی دەگمەندا وێڵە بۆ ئەوەی کۆپی بکات و بیخاتە بەردەستی خوێنەران و عاشقانی کتێب. بۆیە ئێستا ئەم هەوڵە بێوچانەی خالید زیاتر لەوەی مامەڵەیەکی ئاسایی کتێب فرۆشتن بێت وەکو خولیایەکی لێهاتووەو ئەمیش وەکو ئەرکێکی ڕۆشنبیریی و شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی باسی دەکات. ئەوەی گرنگە خالید زۆر بەجوانی مامەڵە لەگەڵ هاوڕێ کڕیارەکانی دەکات کە لەهەموو پلەو پایەیەکی تێدایەو هەموو لایەنەکانیش بۆ دەستکەوتنی کتێبی دەگمەن سەردانی کتێبخانەکەی دەکەن. بۆ ئاگاداربوون لەهەندێ ڕازو نیازەکانی کارەکەی چەند پرسیارێکم ئاڕاستەکردو بەم شێوەیە خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە.**

**+ کتێب فرۆشتن لای تۆ وەك پیشەیەك وایە یان هیوایەتێکە؟**

—بەدڵنیاییەوە، ئەم کارەی من دەیکەم هەم پیشەیەو هەم هیوایەت، بۆچی پیشەیە؟ چونکە داهاتی (٤٥٪ )ی بژێوی ژیانمی لەسەرە، بۆیە وەك هیوایەتیش وایە بۆمن، چونکە ئەوەندە چێژ لەو سەرچاوانە وەردەگرم، هەست دەکەم، ئاستی هۆشیاریمی گۆڕیوە، وەك خوێنەرێکی (مەوسوعی)ڕەفتار دەکەم، چونکە پێویستە لەسەر هەموو بوارەکان شارەزاییم هەبێت، ئەم هەوڵەشم لەپێناوی شۆڕشێکی ڕۆشنبیرییدایە، بۆیە دەمەوێت خوێنەرەکانم وا رابهێنم، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم، زۆرجار گەنج دێتە لام بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە. پرسیاری یەکەمی من ئەوەیە ئایا چیت خوێندۆتەوە؟ چونکە من دەمەوێت هەر لەسەرەتاوە لەسەر بوارێك رایبهێنم کەحەزی لێدەکات، ئەمەش هاندەرێکی باشە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بدۆزێتەوە.

**+بەدرێژایی ئەو ساڵانەی ئەم کارەی تۆ ڕووداوی سەیرو سەمەرە لەکارەکەتدا ڕوویداوە کامیان زۆر گرنگن؟**

—پێش هەموو شتێك دەمەوێت باسی هەندێ ڕووداو بکەم کەخۆیان سەیروسەمەرە نین بەڵام بوون بەسەیرو سەمەرە ( ڕۆژێك کەسێك دەچێت بۆ لای خالیدی شەعب و دەڵێت: ئەرێ فلان کەست نەدیووە. خالیدیش دەڵێت: نەوەڵڵا نەمدیووە، بەڵام ئەگەر پاش نیوەڕۆ بێیتەوە، دەتوانم نوسخەیەکی کۆپیت بدەمێ). ئەمە نوکتەیەکەو برادەرێك لەسەر من کردوویەتی. ڕۆژێك برادەرێك داوای لێکردم کتێبێکی بۆ کۆپی بکەم، ماوەیەکی بەسەردا چوو، نەهاتەوە بۆ کتێبەکەی، منیش بیرم چۆوە، ڕۆژێکیان برادەرەکە هاتەوە، وتی کوا کتێبەکەم؟ منیش نوسخەیەکی کۆپیم دایە دەستی، ئەویش وتی من کۆپییەکەم دەوێت، نوسخە (Origenal)ەکە گرانە، وتم قەیدی ناکا بەنرخی کۆپییەکە پێت دەفرۆشم، لەڕاستیدا ئەو نوسخەیەش هەر کۆپی بوو، بەڵام ئەوەندە جوان کردبوومەوە هەستی پێنەدەکرد کۆپییە یان.. نا؟ ئەمانە دووان لەو ڕووداوە سەیروسەمەرانە بوون، کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە بەسەرمدا هاتوون.

**+وەك من بزانم تۆ لەناو هەموو چین وتوێژەکاندا کڕیارت هەیە، چۆن توانیووتە ئەم هەموو جۆرە کڕیارە پەیدا بکەی؟**

—سەرەتا ئەمەوێ باسی ئەوە بکەم ئاستی کتێبخانەکانی سلێمانی لەکوێی داواکارییەکانی خوێنەردایە، لەدوای ڕاپەڕینەوە لەشاری سلێمانیدا گرنگی بەهەموو بوارەکان دراوە هەر کتێبخانەیەك، چمکێکی کارەکەی گرتووەو کاری تێدا دەکات، بۆ نموونە بۆ دەستکەوتنی کتێبی ئینگلیزی کتێبخانەی زانیار هەیە، بۆ سەرچاوە زانستییەکان کتێبخانەی دڵشاد، بۆ کتێبی کوردی ( دانراو، وەرگێڕدراو)، ئەندێشە.. شێخ ڕەزای تاڵەبانی.. هاولاتی. بۆ یاسایی، کتێبخانەی ژیان، لەم دواییەشدا کتێبخانەی یادگار (ڕەوشەن)، ئەوەی دەمێنێتەوە بواری فەلسەفە، سیاسەت، ڕەخنەی دینی (کتێبی ئیلحاد)، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، بابەتە فکرییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە، من خۆمم پێوە سەرقاڵکردووە، بە کوردی عەرەبی ئینگلیزی ئەڵمانی فارسی، بۆ دەستکەوتنی سەرچاوە ناوازەکان یاخود ئەو سەرچاوانەی ناگەنە شارەکەمان، من کەناڵێکی فراوانی پەوەندیم هەیە، هەر کەسێك سەرچاوەیەکی نوێ یاخود دەگمەن، هەرئەوەندەی بگاتە دەستی من ( لای خالیدی کتێبخانەی شەعب دەست دەکەوێت).

**+باوەڕموایە تۆ هەمیشە بازاڕت هەیە، سەرەڕای خراپی بازاڕی کتێب، هۆی ئەمە چییە؟**

—هەروەکو لەپرسیارەکەی پێشتردا باسم کرد، خوێنەر بۆ سەرچاوە ، ئامادەیە سەر بەهەموو کونێکدا بکات، هەرگیز دەست نانێم بەڕووی خوێنەرەوە، هۆکارێکی تریش ئەوەیە تیراژی کتێبەکان کەمە، کەدێنە ئەم وڵاتە تەنها چەند خوێنەرێك دەستیان دەکەوێت، من ناچار دەبم تیراژەکەی بگۆڕم، هەروەها گەڕانی من بەدوای سەرچاوەدا بۆ ئەوەیە شۆڕشەکەم بەردەوام بێت.

**+ هەستدەکەم هەمیشە دەتوانی خەیاڵی کڕیارەکەت بخوێنێتەوەو بزانی حەزی لە چ جۆرە کتێبێکە، چۆن ئاوا شارەزای کڕیارەکانت بووی؟**

—خوێندنەوەی بەردەوام و سەلیقەی ئەو ماوەیەی لەناو کتێبدا کارم کردووە، پێم دەڵێن خوێنەرەکانت تامەزرۆی کتێبن، تەنها یەك جار کتێبێك ببینم درۆی نەبێت دەتوانم ناوەڕۆکەکەی لەبەر بکەم، کڕیارەکانم کردووە بەچەند بەشێکەوە، هەمیشە ڕێنماییان دەکەم بۆ ئەوەی کایەی خوێندنەوەکانیان ڕێك بخەن، ئەمەش وای کردووە کەسەرکەوتووبم لەم کارەدا، هەروەها لەم هەموو بوارێکدا دەخوێنمەوە.

**+کاتێك کەسێك دەستدەداتە کتێبێك تۆ یەکسەر کورتەیەکی لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەدەیتێ، ئەگەر کتێبەکە زۆر باش**

دەست دەکەون، پێویستە لەبەر بەردەوامی شۆڕشەکەم شتێکی لێبزانم. هەروەها کاتێك خوێنەرەکە لەناو ناونیشانێکی دیاریکراودا نقوم دەبێت، لەبەر ئەوەی یاخود ئاراستە کراوە، یاخود هەرئەوەندە دەزانێت، پێویستە من بەرچاوڕوونی زیاتری بدەمێ، ئەمە تەنها سوودی مەعنەوی نییە، بەڵکو سوودی ماددیشی هەیە.

**+سەرچاوەکانی پەیداکردنی ئەو کتێبانە لای تۆ چییە، کە کڕیارەکانت بەدوایدا دەگەڕێن؟**

—لەبەرئەوەی بوارەکانی خوێندنەوە فراوان بوون، هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێم، چۆن سەرچاوە دەستەبەر بکەم، ئەمەش ئاسان نییە، بەبەردەوامی من بێ پارەم، بەڵام هەمیشە زۆرترین سەرچاوەم لەبەردەستدایە، کە ئەمە بۆ من لەپارە گرنگترە، چونکە هەمیشە دەتوانم پارەی پێ دابین بکەم، لەم ڕۆژەدا ئینتەرنێت فراوانترین دەروازەی واڵا کراوە لەبەردەممدا هەتا سەرچاوە بەدەست بهێنم، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم لەسەر حیسابی تەندروستی خۆم ئەمانەم کردووە، چونکە خوێندنەوە خۆراکێکە بەڕای من لەخواردنی ئاسایی مرۆڤ بەکەڵکترە.

کاتە شۆڕشێکیش لە ئارادا نەبوو، بەڵام ئێستا ژیانم بووە بەم کتێبانە لەبەرئەوە لەبیرمدا مەسەلەی وازهێنان دیلێت بووە.

**+کارەکەی خۆت وەکو فەرمانبەری بانك بۆ ئەم کارەت یارمەتیدەرە یان .. نا؟**

– تەنها وەکو خالید پەیوەندییان هەیە. واتە ئەوە خالیدە کەهەردوو کارەکە پێکەوە گرێدەدات.

**+دەڵێن ئێستا کتێب بازاڕی نییە، ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر نا کام کتێبانە بازاڕیان هەیە؟**

—ناتوانین بڵێین کتێب بازاڕی نییە، چونکە ئەگەر وابێت.. ئەوا مانای ئەوەیە هۆکارێکی تر جێی گرتۆتەوە یاخود خوێندنەوە وەستاوە، ڕاستە ئێستا خوێنەر پەنا بۆ سایتەکانی ئینتەرنێت دەبات، بەڵام ناتوانێت پڕاوپڕ ئەو کارە ئەنجام بدات، من بۆ ئەم کارە پشت بەسەرچاوەی زۆر نوێ و هەڵبژاردە دەبەستم، هەتا خوێنەرەکان نائومێد نەبن لەخوێندنەوە، یاخود ئەو کتێبانەی بە ئاسانی ناگەنە سلێمانی، ئاشکرایە بەهۆی خراپی وەرگێڕانی سەرچاوەکانەوە، فرۆشتنی کتێبی کوردی بازاڕی کەوتووە، ئەمە ئەو قسەیەیە کە کتێب بازاڕی نەماوە، نەوەك خوێنەر


دیمەنی ناوەوەی کتێبخانەی شەعب

کتێبخانەکانی سلێمانی تەنها ئەو کتێبانە دەفرۆشن، کەدەچێتە بەر دەستیان، بەڵام من وا ناکەم، من لەگەڵ داواکاریی خوێنەراندا دەسوڕێمەوە، بۆ هەموو خوێنەرەکان سەرچاوەم ئامادەکردووە، لەوانەیە خوێنەرەکە بەدوای سەرچاوەیەکدا بگەڕێت، بەڵام کە دێتە لای من چەندین سەرچاوەی تری لەو بابەتەی دەستدەکەوێت، ئەمەش بازاڕەکە بەئاقارێکی باشتردا دەبات، هەروەها، من

**لەو بابەتەی نەدوابوو، سەرچاوەی تری پێدەڵێی، ئەمە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

—زانیارییەکانم لەچەند ڕێگەیەکەوە دەستدەکەوێت، کاتێك برادەرانم لەلام کۆدەبنەوە، هەریەکەو لە بواری خۆیدا، سەبارەت بەکتێبێك قسە دەکا، هەرئەوەندەی ڕستەیەکیان وت، بەسە بۆ ئەوەی چەندەها ڕستەی تر لە کتێبەکە لەناو مێشکمدا تۆمار بکرێت، لەلایەکی ترەوە، ئەو کتێبانەی لای من

**+چەند جارێك وتووتە واز لەم کارە دەهێنم، بەڵام تا ئێستا بەردەوامی، هۆی چییە؟ بەڕاست، دەتوانی واز لەم کارە بێنی؟**

—لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٣دا کاتێك ڕژێمی سەدام ڕووخا، بازاڕ تووشی کەسادییەکی خراپ ببوو، جاری وا هەبوو، بەهەفتەش فرۆشتن بوونی نەبوو، ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بیر لەوازهێنان بکەمەوە، بەڵام هەر کە دۆخەکە چاك بۆوە، بڕیارەکەم دواخست، چونکە ئەو

چونکە خوێنەر هەمیشە لەزۆربووندایە، خراپی وەرگێڕانەکان ئەم هۆکارەی خولقاندووە، ئەگەر لیژنەیەك هەبێت بۆ چاودێری وەرگێڕانەکان پێموایە باشتر دەبێت، هیوادارم چاوێك بەمەدا بخشێنرێتەوە. ئەو کتێبانەی کەبازاڕیان هەیە ئەوانەن کەمناقەشەی دین دەکەن و ڕەخنەی لێدەگرن، لەگەڵ کتێبی فیکری و فەلسەفی و ئەو کتێبانەی دەربارەی بەجیهانیبوون و مۆدێرنەو شتی لەو بابەتەن لەگەڵ ڕۆمان.

**+جگە لە سلێمانی کڕیارەکانت لەشارەکانی تر کێن و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەی؟**

—لەهەموو شارەکانی تر کڕیارم هەیە، بەتایبەتی کە دەبیستن سەرچاوەیەکم دەست کەوتووە، لەبازاڕدا نییە، ئەمە قۆرغ کردن نییە، بەڵکو ئەمە هەوڵەو تەنها گرنگ ئەوەیە بتوانی شێوازەکەی بدۆزیتەوە، دەتوانیت ئەو کارە بکەیت، سەرەڕای ئەوەی خوێنەریشم لە وڵاتانی دەرەوە هەیە.

**+تۆ هەمیشە کتێبی زۆرت لەبەردەستدایە، چۆن کتێب هەڵدەبژێری بۆ خوێندنەوە؟ ئەمە تووشی دوودڵی و خەفەتت ناکات لە خوێندنەوەدا؟ یان تووشی نائومێدیت ناکات لە خوێندنەوەدا؟**

—هەبوونی بەرنامەیەك ئاسانکارییت بۆ دەکات لەناو ئەو سەرچاوانەدا نقوم نەبیت، پاشان من لەکاتی کارکردنم لەفەرمانگە بووارم بۆ برەخسێت دەخوێنمەوە، شەو لەماڵان بم بەهەمان شێوە، ناکرێت شەوێك لەماڵەوەبم و نەخوێنمەوە، خوێندنەوەش بەرنامەی خۆی هەیە، من زیاتر حەزم لە خوێندنەوەی مێژوو، سیاسی، دینی ڕەخنەیی، زمانە.

**+هەندێ جار کتێبێکت دێتە بەردەست کتێبەکە تەواو نییە، بەشێکی تیانییە، یاخود بەرگی یەکەمی هەیە و بەرگی دووەمی دەستناکەوێ تۆ کاتێك کۆپی دەکەی ناتەواوییەکە چاك دەکەی یان بەشەکەی تری بۆ پەیدا دەکەی یان بەرگی دووەمەکەی بۆ پەیدا دەکەی، بۆچی ئەمە دەکەی؟**

—زۆرجا تووشی ئەم کێشانە دەبم، بەسەر هەموویاندا زاڵم، چونکە کەناڵەکانی پەیوەندییم، فراوانە، هەر هاوڕێیەکی خوێنەرم کە سەرچاوەیەکی ناوازەی لەلا بێت، لێم قۆرغ ناکات، کاتێك داوای دەکەم، بەدڵ فراوانیەوە بۆم دەهێنێت، دیارە سەرچاوەکانیش ئەگەر کەموکوڕی هەبێت، یاخود بەرگێکی نەبێت، خۆ تەنها هەر ئەو دانەیە چاپ نەکراوە، لەبەرئەوە نائومێد نابم لەتەواوکردنی کەموکوڕییەکان، هەروەکو لەپرسیارەکانی تریشدا ئاماژەم پێداوە، ئەم کارەی من بەشێکە لە شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکە دەبێت بەردەوام بم لەسەری.

## مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم:

# کتێبی کوردی لەکوردستاندا بەشێکی زۆری هێشتا هەر لەچوارچێوەی شیعرو چیرۆکدایە

(٢-٢)

دیداری: سەرنووسەر

لەدیدارێك لەم رۆژانەی رابوردوودا، لەگەڵ ئەدیبی ناسراوی کورد مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم زۆرتری ئەو باسانەی تیایدا لەگەڵمان کرد، لەبارەی کتێبو کتێبخانەوە بوو، چەند پرسیارێکمان لێی کردو ئەویش بەکاوەخۆ وەڵامی دانەوە، لێرەدا بەباشی دەزانین ئەو پرسیارو وەڵامانە، بۆ بەربڵاوترکردنی مەودای سوود لێوەرگرتنیان، لەسەر لاپەڕەکانی (ئاسۆی کتێبخانە) بڵاوبکەینەوە.. بەتایبەت کە مامۆستا ساڵانێکی دوورودرێژە لەگەڵ نووسینو کتێبو خوێندنەوەدا بەسەردەبات.

*** ئەمڕۆ کتێبی کوردی لەبووژانەوەیەکی بەرچاودایە، چ لەڕووی ژمارەی چاپکراوەوەو چ لەڕووی بابەتی هەڵبژێردراو بۆ لەچاپدانەوە، رای جەنابت لەم بارەوە چۆنە؟**

– پێشەکی دەبێ ئەوە بڵێم من نازانم ژمارەی کتێبی لەچاپدراوی کوردی لەهەموو پارچەکانی کوردستانو لەهەندەران دەگاتە چەند هەزار کتێب. ئەو ژمارە کەمانەی لەبەر دەستدان زۆر کۆنن یا هەر هیچ نەبێ کۆن بوونو بۆ مێژوو نەبێ پشتێکی ئەوتۆیان پێ نابەسترێ. ئەو ژمارانەی سەرچاوەکان لەخۆیانیان گرتوون، سەرەڕای کەمیو کۆنییان وەك وتمان، زۆر دوورن لەواقیعی ئێستای کوردستانو کتێبی کوردییەوە.

کتێب بەکوردی لەدوای راپەڕینە پیرۆزەکەی (١٩٩١)ەوە لەکوردستانی عیراقدا زۆر گەشەی کردووەو، لەم ساڵانەدا کە سانسۆر بەواتا پۆلیسییەکەی لەکوردستانی عیراقدا نەماوەو بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی لەکوردستانی ئێرانیشو بەڵکو لەکوردستانی تورکیایشدا، لەچاو پێشتردا، تاڕادەیەك جیاوازیی تێکەوتووە، هێشتا لەزۆرترین رووەکانیەوە زۆر لەوەوە دوورە کە خواستەنییەکانی خوێندەواری کورد بهێنێتەدی.

کتێبی کوردی لەکوردستانی عیراقدا بەشێکی زۆری هێشتا هەر لەچوارچێوەی شیعرو چیرۆکدایەو، بەشی هەرە زۆری کتێب وەرگێڕانیش لەعەرەبیو پاش ئەو لەفارسییەوەیەو لەگەڵ بوونێکی باشی ئەوانەی زمانی بیانیو بەتایبەتی ئینگلیزی دەزانن، هێشتا کتێبی وەرگێردراو لەو زمانانەوە زۆر دەگمەنەو بەدەیان بابەتی زانستی هەن هێشتا تاقە کتێبێکیان تێدا نەك هەر نەنووسراوە، بەڵکو وەریش نەگێردراوە. هۆی سەرەکیی ئەمەیش بۆ کەمیی زانایانی کورد ناگەڕێتەوە ئەوەندەی کە بۆ کەمیو بەڵکو نەبوونی ئەوانەیان دەگەڕێتەوە کەکوردییەکی وا بزانن پرکێشی بکەن کتێبێکی پێ لەزمانێکی بێگانەوە وەرگێڕنە سەر زمانەکەی خۆیان.

*** چۆن رێنماییی خوێندەوارانی گەلەکەمان دەکەی بۆ خوێندنەوە؟**

– وەڵامێکی وام بۆ ئەم پرسیارە لەمێشکدا نییە لێی دڵنیابم وەڵامێکی راستو دروستو سوودبەخش بێت، چونکە ئەم پرسیارە پێوەندی بەپسپۆرییەوەیە لەبواری پەروەردەداو، منیش نە ئەو پسپۆرییەم هەیە لە پەروەردەداو نە چەندین کتێبی سەرچاوەی پێوەندیدار بەم بابەتەوەیشم خوێندووەتەوە تا شتێکی باش لەم بارەوە لەمێشکمدا جێگیربووبێ، بەڵام وەك هەرکەسێکی سادەی تر ئەوەندەی لێ دەزانم هانی خوێندەواران بدەم بۆ خوێندنەوەو تەماشاکردنی کتێبو لەگوێ گرتنی ئامۆژگاریی ئامۆژگاریکەران لەم رووەوە.

بەڵێ دەتوانم بەبۆچوونی خۆم هەندێ پێشنیار پێشکەش بکەم کە لەوانەبێ هەندێ سوودیان هەبێ وەك ئەوە کە لەقوتابخانەدا دەرسێکی تایبەتی تەرخان بکرێ بۆ راهێنانی قوتابییان لەسەر خوێندنەوەو بڕیاردانی ئەوە کە هەر قوتابییەك لەهەفتەدا کتێبێك بخوێنێتەوەو هەر هەفتەی یەکێکیان کتێبەکەی خۆی خوێندوویەتیەوە، پوختەکەی، بە ئامادەبوونی مامۆستای تایبەتی یا هەر یەکێك لە مامۆستاکان، بۆ ئاوەڵە قوتابییەکانی بخوێنێتەوە، سەرکەوتووەکانیان لەو کارەدا چەند پلە لەنمرەکانیان زیاد بکرێو، زیاد لەمەیش سەرکەوتووترەکانیشین لەکۆتایی ساڵی خوێندندا چەند کتێبی باشو وایان خەڵات بکرێ کە لەئاستی پێشنیازێکی تێگەیشتنی خۆیان یا کەمێك زیاتریاندا بێو، هەر پێشنیایەکی تری لەم بابەتەیش کە ئێستا بەبیری مندا نایەنو بەبیری هەرکەسی تردا بێن.


محەمەدی مەلا کەریم

*** لەتەك زۆربوونی سەرچاوەکانی زانیاری وەك ئینتەرنێت، بەڕێزت رۆڵی کتێب لەئێستاو داهاتوودا چۆن دەبینی؟**

– گومانی تێدا نییە رۆڵی هۆ نوێیەکانی گەیاندنو راگەیاندن وەك رادیۆو تەلەفزیۆنو سینەماو ئینتەرنێتو ئەم جۆرە شتانە لەفێرکردنی گوێگرو تەماشاکەرانو زیادکردنی زانستیاندا رۆڵێکی گەورەیەو دەرفەتی بۆ پەرەسەندنی ئاگاداریی جەماوەر گەلێ زیادکردووە، بەڵام وەك چۆن داهاتنی هیچ کامێك لەم هۆیانە تا ئەمڕۆ هەر تازەیەکیان بگری لە یەکەمیانەوە تا ئێستا، نەبۆ ئەوە هاتووە شوێنی پێشووەکەیان کوێر بکاتەوەو، نە ئەگەر ئەمەیشی ویستبێ بۆی کراوە. کتێبو هەموو ئەوانەیش بەسوودمەندیی خۆیان ماونەتەوە بێ ئەوەی هیچی پێشوویان وەلابخاو، کتێبیش کە لەپێش هەموویانەوە بووە تا ئێستا وەك خۆیو بەڵکو بەزیادبوونی رۆڵیەوەو جوانتر بوونو رێکوپێکتر بوونی شێوەیشیەوە، نەك هەرماوە، بەڵکو بۆ پێشتریش چووە. ئەگەر ئەو دەزگا داهاتووانە پێیان بکرایە رۆڵی کتێب پووچەڵ بکەنەوە، دەبوو هیچ جۆرە گەشەیەك، بەدرێژایی ئەم ساڵانە، بەسەر پیشەسازی کاغەزو پیتو وشەو نووسینو کاری لەچاپداندا رووی نەدایە، بەڵکو دەبوو ئامێرەکانی کاغەزو مەرەکەبو لەچاپدانو کتێب دەرکردنیان رابگرتایە، کەچی بەدرێژایی ئەم ساڵە دوورو درێژانە سنعاتی دروستکردنی کتێب هەر لەپێشکەوتنی زیاتردا بووەو کتێبی زۆرترو جوانتر بڵاوبووەتەوەو، هێشتا بە هەزاران دەسنووسی میراتی مرۆڤایەتی لەناو بەشێکی زۆری گەلانی جیهاندایە بەچاپ نەدراوی ماوەو کار بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانو ساغکردنەوەو بەچاپ گەیاندنیان دەکرێ. ئێستا لە هەموو سەردەمێکی بەسەرچوو زیاتر کتێبخانە زۆرتر دەکرێتەوەو ماڵان کتێبیان لەگشت رۆژگارێکی رابردوو تا ئەمڕۆ زیاتر تێدایەو خوێندەواران زۆرتر پەنا دەبەنە بەر کتێب خوێندنەوە. ئەمە هەمووی سەرەڕای ئەوە کە خەڵك چەندین قات لەجاران زیاتر کتێب دەکڕنو پیشانگای کتێب فرۆشتن لە هەموو لایەکی جیهاندا ساڵانە چەندین جار بەرپا دەکرێ. بۆیە من لەوە زۆر دڵنیام کەدوا رۆژی کتێب، لەگەڵ ئەوەیش کە زۆر کەسو لایەن پێچەوانەی ئەم قسەیەی منیان لاڕاستە، هەر پایەدارترو هەر گەشەدارتر دەبێو تا ئێستا هیچ جۆرە هەڕەشەیەکی راستەقینە بەرەو رووی کتێب نەبووەتەوەو، لەم بوارەدا نابێ هەرگیز ئەوە لەیاد بکرێ کە کتێب بەپێچەوانەی هەر هۆیەکی تری رۆشنبیرکردنەوە باشترو ئامادەترە، لە هەر شوێنێکدا لەبەردەستی جەماوەری عاشقی زانستدایەو باشتر بەفریای کاری رۆشنبیرکردنی خەڵکدا دەگا.

*** ئامۆژگاریتان بۆ کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستان چییە؟**

– من لەوە دڵنیام کە کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستان بەهۆی هەڵسانو دانیشتنی دوورو درێژیانەوە لەگەڵ جەماوەری ئەوانەی سەر لە کتێبخانەکانیان دەدەن، زۆر لەمن چاکتر دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانە بکەنو چۆن بەدەنگیانەوە بێنو دڵیان راگرنو وایان لێ بکەن زۆرتر سەر لە کتێبخانە بدەنو ئارەزووی خوێندنەوەیان تێدا پەرە پێ بدەن، لەبەر ئەوە پێویستی بەهیچی تر نییە.

بەڵام دەشمەوێ ئەوەیان بۆ دووپات بکەمەوە کە ئاگایان لە بەپاکیو بەتازەییو بەساغی راگرتنی کتێب بێ لەلایەن ئەوانەوە کە کتێب وەردەگرنو بەتایبەتی ئەوانەی دەیبەن بۆماڵەوە.دەمەوێ عەرزیان بکەم کە بایەخی زۆرتر بەفێربوونی هونەری بەڕێوەبردنی کتێبخانە ببنو، سوودیش لەکاتیان وەرگرنو زیاتر بیخوێننەوەو خۆیان رۆشنبیرتر بکەنو، هیوای سەرکەوتنم بۆیان هەیە.


محەمەدی مەلا کەریم و دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ


بیرمەندی عەرەب هادی عەلەوی و محەمەدی مەلا کەریمو د. عیزەدینو (منداڵەکەش) یاسین قادر بەرزنجی

*** گۆڤاری(نووسەری کورد) لەخولی دووەمیدا(١٩٧٨-١٩٨٢) یەکێك بوو لە گۆڤارە دیارەکانی ئەو ماوەیەو کاروانی رۆژنامەوانیی ئەدەبیی کوردی، بەڕێزتان رۆڵێکی دیارتان هەبووە لەو گۆڤارەدا، داخۆ بیرەوەریتان لەسەر (نووسەری کورد) چی بێت؟**

– من لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی ساڵی ١٩٧٠، بە دووهەمین کۆمەڵی دەنگی ئەندامان، پاش د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ بۆ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێررام، ئیتر تا راگرتنی چالاکییەکانی یەکێتی لەلایەن رژێمەوە بەردەوام بووم.

ساڵی ١٩٧٨ د. عیزەدین کە سەرۆکی یەکێتی نووسەران بوو بووە سەرنووسەری گۆڤارەکەو منیش بووم بە سکرتێری نووسینی، لەماوەی چوارساڵو لەژێر تەنگەتاو کردنێکی توندوتیژدا دوانزە ژمارەمان لێ دەرکرد، تا ئەو رۆژەی دایانخست، ئەگەر جاری یەکەم لەچیا، گۆڤارەکە لەخولی یەکەمیدا(١٩٧٠-١٩٧٤) دەرفەتی ئەوە هەبوو دوو ژمارەی لێ دەربکرێو بگەیەنرێتە شارەکانو دەرەوە، ئەمجارە ئەویش نەبوو.

تەنها لەدوو ژمارەی یەکەمو دووهەمیدا ناوم وەك سکرتێری نووسین نووسرا، لەوەپاش ناوی کاك مومتاز حەیدەری–مان دانا، چونکە پێویستی بە عینوانێکی رۆژنامەنووسی بوو، لەکاتێکدا کە ئەو ماڵی لە هەولێر بوو گۆڤارەکە لەبەغدا دەردەچوو، زۆربەی کارەکانی دەرکردنی گۆڤارەکە لەئەستۆی مندا بوو، بەعس ئەوەی بۆ قووت نەدەچوو کەوا گۆڤارێك بەکوردی لەپایتەختی عێراقدا جاروبار دەربچێو لەناو ئەو گشت گۆڤارو رۆژنامانەدا کە دەردەچوونو هەمیشە سەری زمانو بنی زمانیان ماستاوکردن بوو بۆ بەعسو هەڵدان بوو بەشانو باڵیدا...بۆیە بە هەموو جۆرێك هەوڵیان دەدا دەنگی ئەو گۆڤارە کپ بکەن کە نەدەچووە ژێر رکێفیانەوە، ئەوە بوو سەرەنجام یەکێتی نووسەرانی کوردو گۆڤارەکەش داخران.

هیوام وایە ئێستاو دوا رۆژی یەکێتیو گۆڤارەکانیو گۆڤاری (نووسەری کورد)یش بەم نزیکانە دەربچێتو زۆر لەجاران جوانترو گەشتر بێو پێشکەشی خوێندەوارانی ئازیزی (ئاسۆی کتێبخانە)و بەتایبەتی وەچەی نوێی لاوانی کورد بکرێت، کە ئەم بڵاوکراوەیە دەخوێننەوە.


یەکەمین وێنەی (محەمەدی مەلا کەریم)
هەڵەبجە ٤/ ٦/ ١٩٥٠

# خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی لەکتێبخانەکاندا

# Internet Services and Its Usage in Libraries

## ١-٢

ن: منی کمال القاضي
ئا. یاسین قادر بەرزنجی

ئینتەرنێت لەجیهانی پەیوەندیی مرۆییدا بەشەشەمین شۆڕش دادەنرێت لەدوای شۆڕشی یەکەم، کەبریتی بووە لەدۆزینەوەی وشەی گوتراوو، شۆڕشی دووەم کەداهێنانی نووسین بووەو، سێیەم کە داهێنانی چاپ بووەو، چوارەم کە لەدۆزینەوە ئەلیکترۆنییەکاندا خۆی دیوەتەوەو لەگەڵیدا تەلەفۆنو بروسکەو رادیۆ داهێنراوەو بەدوایدا گواستنەوەی وێنە لەرێی هێڵە تەلدارەکانی گواستنەوەو نیشاندانی وێنە لەسەر شاشەی سینەماو پاشان دەنگ خستنە سەریانو ئینجا داهێنانی تەلەفزیۆن بۆ نمایشی وێنە جوڵاوەکان بەدەنگەوە بۆ گواستنەوەی رووداوەکان لەکاتی خۆیاندا. شۆڕشی پێنجەمیش مانگە دەستکردەکانەو کەناڵە ئاسمانییەکان توانیویانە رەهەندێکی تر دابهێنن کەبەشداربێت لەجیهانێکی مەعریفەداو سڕینەوەی هەردوو رەگەزی کاتو شوێن.

ئینتەرنێت کەشەشەمین شۆڕشە، نوێترین تەکنیکە کە دوا دەیەی سەدەی بیستەم بەخۆوەیی دیوە، وەکو ئینسایکلۆپیدیایەکی زانستی والایە کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بەسەرجەم سوودمەندەکانو لەهەموو کایەو بوارەکاندا پێشکەش دەکات، وەك بوارەکانی توێژینەوەی زانستیو بوارەکانی کار لەهەموو لایەنەکانەوەو، بوارە حکومییەکان

ئەم تۆڕە گۆی زەویی کردووەتە یەك بازاڕ لەشێوەیەکی نوێو پێشکەوتوودا، لەئێستا هیچ شتێك نەبووەتە مایەی لێکدانەوەی خەڵکی وەك ئینتەرنێت، ئایا بۆ مرۆڤ سوودبەخشە یان زیانی پێدەگەیێنێت؟

ئینتەرنێت وەك تۆڕێکی نێودەوڵەتیی سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێتو لە پەیوەندییەکی خێرادا زانیارییەکان دەستدەکەون.

لەتوانای هەر خوێندکارێکی زانکۆ، یان هەر توێژەرێکدایە زانیاریی چنگ بکەوێت بێ ئەوەی گەشتی دوور بکات، یان لەنێوان کتێبخانە جیاوازەکاندا هاتوچۆ بکات.

ئەم تۆڕە نێودەوڵەتییە توانیویە قۆرخکردنی زانیاریو هەواڵەکان لەلایەن دەسەڵاتە فەرمییەکانی وڵاتانەوە، کە سانسۆر دەخەنە سەربڵاوکردنەوە، نەهێڵێتو ئەو پرەنسیپە هەڵتەکێنێت کە دەیانەوێت دیدی خۆیان یان بۆچوونی سیاسییان بەسەر هاووڵاتیانیاندا بسەپێنن.

لێرەوە دەڵێین، ئینتەرنێت بووەتە گرنگترین سەرچاوەی ئازادو دەوڵەمەندی هەواڵو زانیاریو پرۆگرامەکانی رۆشنبیرکردنو هۆشیاریی، بەتایبەت لەم کاتەدا کە ئێمە لەجیهانێکی پڕ لە گۆڕانکاریدا دەژین، جیهانێکی جیاواز لە رابردوو، جیهانێك پڕاوپڕ لە تەکنەلۆجیا کەوا بەرەو ئاڕاستەی گرووپگەرایی زانیارییەکان دەڕوات، هەروەها بەرەو تۆڕەکانی پەیوەندیی بۆ ماوەی درێژخایەن لەسەر رووی زەویی.

### کورتەیەك سەبارەت ئینتەرنێت

بیرۆکەی ئینتەرنێت لەساڵی ١٩٦٩دا چەکەرەی کردوە، وەك سیستمێکی کۆمپیوتەری کە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا کاری لەسەرکردوە تاوەکو پلەدارە سەربازییەکان بتوانن لەرێی کۆمپیوتەرەوە چاودێریی کاری میری بکەن، لەترسیی رووداوی هەر پەلامارێکی ئەتۆمیی، بۆ لەناونەچوونی زانیاریی نێو ئینتەرنێتەکانیان، یان لەکارنەکەوتنیان، کاریان کرد بۆ بەستنەوەیان بەیەکترەوە لەرێی تۆڕێکەوە بە بەکارهێنانی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێتی.

لەناوەڕاستو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا، دامەزراوی زانستە نەتەوەییەکان(NSF)بڕیاری داوە کە زۆر لە زانکۆکان بەشداریی بکەن لەو تەکنەلۆجیایەداو کاری بۆ ئەو مەبەستە کردوە. ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن هەندی لە کۆمپانیاکانەوە تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی ریکلامو بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمەکانیان خراوەتەگەڕ، بەوشێوەیە ئینتەرنێت بووەتە تۆڕی گەورە لەتۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەدرێژایی هەموو گۆی زەمین، هەربۆیە بە(تۆڕی تۆڕەکان) ناودێر کراوە.

ساڵی ١٩٨٥ بە ١٠٠تۆڕی هاوبەش دەستی پێکردووەو ساڵی ١٩٨٠ گەیشتووەتە ٥٠٠ تۆڕی ناوچەیی، بەڵام لەکانوونی دووەمی ١٩٩٠دا زیادی کردوە بۆ ٢٢١٨ تۆڕو لەناوەڕاستی هەمان ساڵدا بۆ زیاتر لە ٤٠٠٠و لەئێستاشدا لە ١١ هەزار تۆڕی فەرعیی زیاتر، لە ١٠٠ وڵاتدا بەکاردێت.

### شێوەکانی سوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت

دەتوانرێ سوود لەتۆڕی ئینتەرنێت وەربگیرێت لەم بوارانەدا:

١- ئاڵوگۆڕی بیروڕاو ئەزموون لەنێوان زانایانو پسپۆڕانی بوارە زانستییە دیاریکراوەکاندا.

٢- رایی کردنی کاروباری بلیتی فڕۆکە بڕینو گرتنی ئوتێلو شوێنە گەشتوگوزارییەکان.

٣- پێکهێنانی گرووپی کار لەبواری دیاریکراوی مەعریفیو پسپۆڕیدا.

٤- پەیوەندیی لەنێوان کتێبخانە جیهانیو زانکۆییەکانو سەنتەرەکانی توێژینەوەداو توانای وەدەستهێنانی پرۆگرامەکانو وێنەو تۆمارە بیستراوو بینراوەکان.

٥- بوارە هەواڵیو میدیاییەکان(نووسراو، بیستراو، بینراو)سوود لەم خزمەتگوزارییە وەردەگرن.

٦- دەتوانرێ تۆڕەکان وەك ئامرازی پەیوەندیی زانیاریی لەگەڵ سەنتەرە جیهانییەکانی توێژینەوە بەکاربهێنرێت.

٧- ئاڵوگۆڕی پۆستی ئەلیکترۆنیو دابەشکردنی زانیارییەکان لەنێوان چی کۆمپیوتەری جیهاندا هەیە، کە ئەمەش فراوانترین بەکارهێنانە لەبواری ئینتەرنێتدا.

### خەسڵەتەکانی تۆڕی ئینتەرنێتی

زۆربەی دامەزراوەکان لەم دواییانەدا کار بەخزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی دەکەن، ئەویش لەبەر ئەم خەسڵەتانە:

١- بوونی پانتاییەك بۆ گەڕان بەشوێن زانیارییەکاندا، ئیتر دەرەکی بن یان ناوخۆیی.

٢- ئاسانی بەکارهێنانی پانتایی بەرچاوو توانای گەیشتن بەشێوەکانی زانیاریی بەبێ بەکارهێنانی پرۆگرامە تەقلیدییە جیاوازەکان.

٣- دەستگرتنەوە لە تێچووونداو خستنەکاری ژمارەیەکی کەم لەکارمەندان بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان لەرێی:

أ- گەیشتن بەزانیارییەکان لەهەر کاتێکدا بویسترێت.

ب- خێرایی لە ئامادەکردنی بابەتەکاندا تا بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنیان بۆ بکرێت.

پ- پاراستنی نموونەیەك لە زانیارییەکان، کە دەتوانرێت بە زیاتر لەرێگایەك چوونەوە سەری بۆ ئەنجام بدرێت.

### پێداویستییەکانی تۆڕ

گرنگترین پێداویستی بۆچوونە ناو تۆڕی ئینتەرنێتو ماڵپەڕەکانی، دابینکردنی ئامرازی گونجاوە کە بتوانێ بێ هیچ کۆسپو گرفتێکی هونەریی بتگەیێنێتە زانیاریی خوازراوت، پرۆسەی پەیوەندیی بەئینتەرنێتەوە ئەمانەی پێویستە:

أ- ئامێرەکانی Hardwareو کۆمپیوتەرو پاشکۆیەکانی تریان.

ب- پرۆگرامەکانو کەرەستەکانی جێبەجێکردن.

### خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت

تۆڕی ئینتەرنێتی سێ خزمەتگوزاریی سەرەکیی ئەنجام دەدات:

١- خزمەتگوزاریی پۆستی ئەلیکترۆنی(Electronic Mail):

کە سەرەکیترینو زۆرترینو بەربڵاوترین خزمەتگوزارییە لە هەموو تۆڕەکان پەیوەستن پێوەی.

٢- خزمەتگوزاریی تلینیت(Telenet):



کتێبخانەیەکی گشتی

کە بریتییە لە خزمەتگوزاریی گرێدان بە دوورەوە(Remotelog- in)، کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی دەتوانن سوود لەوە وەربگرن ئەویش بە پەیوەندیی بەستن بەسیستمە دوورو نزیکەکانەوە، وەك پێڕستی کتێبخانە زانکۆییەکانو بنەمای زانیاریی تایبەت بە ژێدەرەکانو سیستمی زانیارییەکان لەسەر ئاستی زانکۆیی تەواودا، هەروەها سوودوەرگرتن لە تۆڕە ئازادەکان.

٣- خزمەتگوزاریی پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی فایلەکان(FTP):

کە کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی سوود لە فایلەکان وەربگرن بۆ مەبەستی وەکو گەیاندنی ئەلیکترۆنی دۆکۆمێنتەکان، گواستنەوەی فایلەکانی سەرچاوە بەدەستهاتووەکان، هەروەها فایلی پێڕستەکان لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.

### ئینتەرنێت 2

لەم دواییانەدا تۆڕێکی زانیاریی پێشکەوتووتر بەناوی(Internet2) دامەزراوە بە تواناو جۆری خزمەتگوزاریی زیاترەوە، ١٧٠ زانکۆی ئەمریکی بەشداربوون لە دامەزراندنیداو تەرخانە بۆ خودی زانکۆکانیان، ئامانجی ئەم تۆڕە بەدەستهێنانی خێرایی زۆرە بۆ خزمەتگوزاریی توێژینەوە ئەکادیمییەکانو کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان، لەگەڵ ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی پزیشکیی لە دوورەوە، وەکو دەستنیشانکردن لەسەر وێنە تیشکییەکانو شیکارە پزیشکییەکان، هەرچۆن بەپێی بایەخی زانیارییەکان ریزبەندی ئەنجامدراوە، نەك لەمێژووی دانانیاندا لەتۆڕەکەدا، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانو کەمبوونەوەی ئەگەری ونبوونیان، یان نەگەیشتنیان.

### گرفتەکانی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنیی جیهانییە کە دەوڵەمەندە بەزانیارییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، هەرچەندە زانیارییەکان هەمیشە لەگەڵ دابو نەریتی سەرجەم کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ناگونجێن.

چەندین گرفت لەم تەکنەلۆجیایەدا هەیەو تا ئەم ساتە پسپۆڕان عەودالی چارەسەریانن، لەوانە:

- گرفتی دەستەبەری پاراستنی تەواوی زانیارییە نهێنییەکان.
- نەبوونی پێوانە بۆ رێکخستنی دامەزراندنی ماڵپەڕە تایبەتەکان(home page).
- پاراستنی موڵکداریو مافی فیکریی.
- گرانیی دانانی سانسۆر بەسەر زانیارییەکانەوە، بەتایبەت زیانبەخشەکان.

### بەکارهێنانەکانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا

ئەم تەکنەلۆجیا گرنگە، لە کتێبخانەکاندا گەلێك خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکات، لەوانە:

١- سەرچاوە بەدەستهاتووەکان(التزوید)، کە لەرێی پۆستی ئەلیکترۆنیو پەیوەندیی بەستن بەدوورەوە بۆ وەرگرتنو بەکارهێنانی پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی فایلەکانەوە دێتە دی.

٢- گەشەپێدانی پیشەیی.

٣- پێڕستی کتێبخانەکان لەسەر هێڵ Online.

٤- لیستی وتووێژکردن Discussion lists.

٥- گۆڤارو بڵاوکراوە ئەلیکترۆنیەکان FTP.

### تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکاندا

گەشەکردنی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکاندا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، پەیدابوونی کۆمپیوتەرو بەستنەوەی بە ئامرازەکانی پەیوەندیی پێشکەوتووەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر گەیشتن بە دەوڵەمەندترین کتێبخانەکانی جیهانەوەو سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانیان.

هەڵبەت مەحاڵە کتێبخانەیەك چی بەرهەمی فیکری جیهانییە، لە فۆرمە جیاجیاکانیاندا بگرێتەخۆ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە:

١- گەشەی بەرچاو لە دەرکەوتنی هەزاران گۆڤاری تایبەتمەنددا.

٢- گەشەکردنی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە کە بووەتە هۆی نەتوانینی دەستەبەرکردنی هەموو بەرهەمە فیکرییەکان.

٣- وابەستەیی کتێبخانەکان بە پانتایی دیاریکراوەوە بۆ پاراستنی بەرگی کتێبو چاپکراوەکان.

٤- گۆڕان لە پێویستیی سوودمەندان بۆ زانیارییەکان.

٥- لق لێبوونەوە لە چالاکییەکانی توێژینەوەی زانستیدا.

٦- بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەری کەسیی.

٧- فراوانبوونی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان.

٨- دەرکەوتنی تۆڕی زانیارییەکانی ئینتەرنێت.

لەبەر ئەو رووبەڕووبوونەوە گرانانە، کتێبخانەی ناوچەیی LAN'S دامەزرێنراوە کە بەستراونەتەوە بە کتێبخانە نزیکەکانەوە، هەروەها کتێبخانەی WAN'Sکە بەستراونەتەوە بەکتێبخانەکانی ناوچەی جوگرافیایی جیاوازەوەو لە دووریی جیاوازیشەوە، تاوای لێهاتووە تۆڕەکان بەستراون بەیەکترەوەو تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت پەیدابووە.

### پراکتیزەکردنی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا

سەرەتای بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا نیمچە سنووردار بووە بۆ ئاڵوگۆڕی نامەی ئەلیکترۆنی E_MAILو گواستنەوەی فایلەکان FTP، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕی جیهانیدا(www)و زۆربوونی میکانیزمی گەڕاندا، خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت هەلی رەخساندوە تا کتێبخانەکان سوودوەربگرن لە توانای وەرگرتنی تێکستی تەواو Hypertext کە بریتییە لە تێکستو وێنەو دەنگ، بەوشێوەیە پراکتیکی کاریگەرو بەکەڵك لە کتێبخانەکاندا ئەنجامدرا، بەوەش پاراستنی زانیارییەکانو سوودوەرگرتن لێیان بووە هۆی ئەوەی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی بەئاراستەی گونجاوداو بۆ ئەو مەبەستە رۆڵی خۆی ببینێت، هەرچەندە ئەوەش بەپێی توانای هەر کتێبخانەیەكو ئەو ژینگەیەی تیایدا جیاوازیی دەبێت.

زۆربوونی خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی هاندەربوو بۆ کتێبخانەکان کە نموونە تەقلیدییەکان کە کاری دەستی بوون بگۆڕێن بە نموونە نوێیە پێشکەوتووەکان کە لەبەرتیشکی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان بەرهەمهاتوون، ئەویش لەسەر خواستی سوودمەندانو پێویستیان بە زانیارییەکان.

کتێبخانەی جیهانیی پڕن لەسەرچاوەو بووەتە ناوەندێك لەنێوان بەکارهێنو سامانی فیکریی جیهانیی لەناوچە جوگرافیاییە جیاوازەکاندا.

### کاروبارە هونەرییەکان

دیارە کتێبخانە کاتێکی زۆری دەویست بۆ ئامادەکردنی سەرچاوەکانی بە ئەنجامدانی کارەکانی پێڕستو پۆلێنو رێبەر، بەڵام لەگەڵ کارکردن بە ئینتەرنێتدا توانرا کتێبخانە ئاگاداربێت لە پێڕستی کتێبخانەکان لەرێی(OCLC)و (Rlin)و تۆڕە هونەرییەکانی تری تایبەت بەزانیارییە زانستییەکانو راستکردنەوەی زانیارییەکانەوە، ئەوەش بووە هۆکاری کەمکردنەوەی کۆششو پارەو بەشداریی لە خواستنی ئەلیکترۆنیی نێوان کتێبخانەکاندا.

### وەرگرتنی دۆکیۆمێنتەکان

یەکێکە لە پێشکەوتنە بەرچاوەکان لەبواری ئاڵوگۆڕی نێوان کتێبخانەکانداو بەهۆیەوە زانیاریی بەدەستدێتو دەگەیێنرێنە سوودمەندان لەهەر کوێیەکی جیهان بن.

ناوەندی بەریتانی بۆ بەڵگەنامەکان گرنگترین دامەزراوە بۆ دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە کە تایبەتە بەکتێبخانە ئەکادیمییەکانو چی دۆکۆمێنتی بوارەکانی مەعریفەیە بەخێراترین ئامرازی ئەلیکترۆنیو ئاسایی دەخاتە بەردەست.

### بایەخی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەدا

ئەو بەکارهێنانە دوو هەلی گرنگ بۆ پسپۆڕی کتێبخانە دەڕەخسێنێت:

١- وەرگرتنی سەرچاوەی کتێبخانەیی گرنگو جەختکردن لەسەر ئەرکی سەرەکیی خۆیانو هێنانەدیی ئامانجیان لەبواری خزمەتگوزاریی زانیارییەکاندا، ئەویش بۆ بەکارهێنانیان لەپێناوی سوودمەنداندا.

٢- لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا رۆڵی سەرکردایەتی کارمەندە پسپۆڕەکانی کتێبخانە لەرێی رێنماییو ئاڕاستەکردنی سوودمەندانو سەرجەم کارمەندانی کتێبخانەوە دەردەکەوێت.

### ئەو هۆکارانەی چۆنێتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەدا دیاری دەکەن

١- جۆری سوودمەند: ناسینی ئەو توێژەی کە کتێبخانە خزمەتیان دەکات کارێکی پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو سەرچاوانەی پێشکەشیان دەکات.

٢- پلانی کار: لەوەوبەرو بەر لە چوونەسەر ئینتەرنێت دادەڕێژرێت.

٣- ئامانج: جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەو پێناوەدا کە کتێبخانەو زانیارییەکانی بۆ دامەزرێنراون.

٤- دیاریکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیی لە پۆستی ئەلیکترۆنیو تەلەفۆنو ڤیدیۆو...تاد.

٥- بوونی کادیری پسپۆڕ لەو بوارەدا کە بتوانن سیستمی گونجاو بۆ سەرخستنی بەرنامەکە ئامادە بکەن.

### کارمەندی کتێبخانەکانو جیهانی ئینتەرنێت

ئەمڕۆ، ئەو گەشە گەورەیەی بەسەر جیهانی میدیاو پەیوەندیو زانیارییەکاندا هاتووە، وایکردووە کە کاری کارمەند، بەتایبەت لەکتێبخانە زانستییەکاندا لەسەر دووڕێیانێکدا بێتو پرسیاری زۆر لەمەڕ سروشتی پیشەکەو مافە یاساییەکان بکات.

هەرچۆن پرسیاری تریش سەبارەت سیستمی خودی کتێبخانەکانو ژمارەی کارمەندانی دێنە پێشەوە، بەتایبەت دوای گۆڕینی کارمەندە ناپسپۆڕەکان لە کتێبخانەکانو کارمەندانی دامەزراوە زانستیو توێژینەوەییەکان بۆ پسپۆڕی سەرچاوەکانو گۆڕانی کارمەندان بۆ توێژەرانی زانیارییەکان، هەروەها دوای بەئاڕاستەدا چوونی پەیمانگای کتێبخانەکان بەرەو ئەو پێکهاتەیە، هەرچۆن پارێزگاریی لەپیشەی کتێبخانەیی بەندە بە گەشەکردنو بەپسپۆڕی لە زانیارییەکاندا بەسنوورە تەسکەکانیانەوە، وەکو پسپۆڕی لە زانیاریی کیمیادا، یان فیزیا.. تاد.

ئەمە بێجگە لە پسپۆڕیی گشتیی لە کتێبخانەکاندا، هەرلێرەدا پرسیارێك دێتە ئارا: ئاخۆ ئایندە پیشەی کتێبخانەکان تەنیا بۆ ئەو دەرچووانە دەبێت کە کارمەندی ئیداریی کتێبخانە، کارمەندی پسپۆڕی ژێدەرەکان، کارمەندی پسپۆڕی زانیارییەکان دەبن.

هەموو ئەو پسپۆڕییانە، کاریان پەیوەست دەبێ بەو گۆڕانکارییانەی لەجیهانی پەیوەندیو زانیارییەکاندا دێتەدی.

لەماڵپەڕی (alyaseer.net) ەوە



کتێبخانەی گشتی ئەمستردام



کتێبخانەی گشتی ستۆکهۆڵم

# کتێبخانەی گشتی و توێژینەوەی زانستی



**ئا.عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە**

بنچینەکانی توێژینەوەی زانستی بریتین لە (بابەت، میتۆد، شێوە) و هاوکات چەندین جۆری توێژینەوەی زانستی هەن کە نامانەوێ لێرەدا باسیان بکەین و کارمان بەوە نییە، هێندەی ئەوەی کارمان بەو خاڵانەوە هەیە کە پەیوەندییان بە خودی توێژەرو کتێبخانەی گشتییەوە هەیە، چونکە هیچ توێژەرێك بە بێ کتێبخانە گشتیەکان ناتوانێت لە ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستیدا سەرکەوتوو بێت، دیارە هۆکاری سەرەکی لەوەدا پێویستیی توێژەرە بە سەرچاوەی جۆراوجۆر کە زۆربەیان تەنها لە کتێبخانە گشتیەکاندا دەستی توێژەر دەکەون، لە شێوەی کتێبدا بێت یان زانیاریی وەرگرتن لە سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکانەوە. بۆیە بۆ ئاسانکاریی پەیوەندیی توێژەر بە کتێبخانەی گشتییەوە لە وەرگرتنی سەرچاوەدا، چەند خەسڵەتێکی گرنگ هەن کە دەبێ لە توێژەردا هەبن و ئەو خەسڵەتانە لە بنچینەدا فاکتەری سەرکەوتنی توێژینەوەکەن، بەڵام هاوکات دەبنە فاکتەری سەرکەوتنی پەیوەندیی نێوان توێژەرو فەرمانبەرانی بەشەکانی خواستنی کتێب و هۆڵەکانی ئینتەرنێت و دەستنووس و بەشەکانی تری کتێبخانە کە توێژەر پەیوەندیی راستەوخۆو بەردەوامی لەگەڵیاندا دەبێت.

*** خەسڵەت و سیفەتەکانی توێژەری زانستی:**

لەبەر وردەکاریی ئەرکی توێژینەوەی زانستی دەبێ لە توێژەردا چەند خەسڵەتێك هەبن کە کاری توێژینەوەکەی و هەڵسوکەوتی لە نێو کتێبخانەی گشتیدا ئاسان دەکات، بە کورتی ئاماژە بە گرنگترینیان دەدەین:

١ – بوونی خواست و ئارەزوویەکی تەواو بۆ توێژینەوەو بابەتی توێژینەوەکە.

٢– رۆشنبیری و مەعریفەو زۆر خوێندنەوە لەو بوارەدا کە توێژینەوەی تێدا دەکرێت.

٣– توانای توێژینەوەو سۆراخکردنی سەرچاوەکان.

٤– وردەکاری و ڕێکخستنی کارەکان.

٥– بە ئارامی و پشوودرێژی چ لە نووسینەوەداو چ لە وەدەستهێنانی سەرچاوەکان.

٦– دڵسۆزی بۆ توێژینەوەکەو بۆ ئەو سەرچاوانەی کە زانیارییان لێ وەردەگیرێت.

٧– ڕەچاوکردنی ئەدەبی توێژینەوە لە گواستنەوەی دەقی سەرچاوەکان و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی نووسەران

٨– بە وردی دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی پێویستی پێیان دەبێت. ئەم خاڵە بۆ کتێبخانەی گشتی گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە هۆی بەڕێوەچوونی کردەی وەرگرتنی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی سیستماتیك، بێ ئەوەی چەندین جار فەرمانبەری خواستن کتێب بۆ توێژەر بهێنێت و بیباتەوە شوێنی خۆی.

دیارە چەند سیفەتێکی تریش هەن کە پەیوەندن بە توێژەرو چۆنێتی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەو دەکەوێتە سەر خودی توێژەرو ئیشکردن بە میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی و رەنگە هێندە پەیوەندیی بە کتێبخانەی گشتییەوە نەبێت تەنها لە دابینکردنی سەرچاوەو چەند کارێکی تری تەکنیکیدا نەبێت، وەك کۆپیکردنی بابەت، وەرگێڕان بۆ توێژەر بۆ نموونە.

*** خۆ ئامادەکردن بۆ توێژینەوەی زانستی:**

سەرکەوتنی پەیوەندیی بەشە تایبەتەکانی کتێبخانەی گشتی بە توێژەرەوە راستە پەیوەندیەکی دوو لایەنەیە کە دەبێ هەردوو لا خۆیان بۆ ئامادە کردبێت، بەڵام بەشی سەرەکیی ئەو خۆ ئامادەکردنە دەکەوێتە سەر توێژەر، چونکە کتێبخانەی گشتی دامەزراوەیەکە میتۆدی ئیشکردنی خۆی هەیەو بێگومان کاری دابینکردنی هەموو ئەو سەرچاوانەیە کە لەبەردەستدان، وێڕای چەند کارێکی دیکەی تەکنیکی کە ئاماژەمان پێداو رەنگە هەموو کتێبخانەیەکی گشتی لەلایەن خۆیەوە ئامادەی پێشوازی و هاوکاریی توێژەرانیان هەبێت، بۆیە دەمێنێتەوە ئامادەباشیی توێژەر بۆ چۆنێتیی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی کە چەند خاڵێك دەخوازێت و دوانیان پەیوەندیی راستەوخۆی بە کتێبخانەی گشتییەوە هەیە:

١– هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی کە (بابەت و ناونیشانی توێژینەوەکە، پلان و گۆڕینی بابەت، دیاریکردنی سەرچاوەکان، ماددەی توێژینەوەکە، نووسین و داڕشتن، دیکۆمێنتاری، پێڕستکردن) لەخۆدەگرێت و هەموو ئەمانەیش لەبەرئەوەی پشت بە سەرچاوەو کاری تەکنیکی دەبەستن، پەیوەندییان بە کتێبخانەی گشتییەوە هەیە، بۆیە چەندە ئامادەیی توێژەر لەم خاڵانەدا باش بێت هێندەیش کاری لە کتێبخانەی گشتیدا ئاسان دەبێت.

٢– سەرچاوەکانی توێژینەوەی زانستی:

توێژەر بۆ دەستکەوتنی سەرچاوە دەبێ بچێتە کتێبخانە گشتیەکان و بە وردی بڕوانێتە:

* پێڕستی کتێخانە گشتی و تایبەتەکان تا بزانێت چەند لەو سەرچاوانەی بۆ دابین دەبێت کە لە هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستیدا دیاریی کردوون.

* لیستی ناوی ئەو کتێبانەی دەزگاکانی چاپ بڵاویان کردۆتەوە.

* ئەو کتێبانەی بە سەرچاوەی سەرچاوەکان ناسراون.

* ئینسایکلۆپیدیا ناوخۆیی و جیهانیەکان.

* ئینسایکلۆپیدیا زانستی و تایبتمەندەکان.

* گۆڤارە زانستی و ئەکادمیەکان.

* کەسانی شارەزاو پسپۆڕو توێژەران( لە کتێبخانەدا کار بکەن یان لە دەرەوەی کتێبخانە گشتی و تایبەتەکان)، کە پێویستە کەسانی لەوجۆرە لە کتێبخانەی گشتیدا هەبن.

* ئەمینداری کتێبخانەکان.

سەرچاوە: (كتابة البحث العلمي، د.عبدالوهاب ابراهيم).

# ئەرشیف لە کتێبخانە گشتییەکاندا

**بەختیار سەعید**

زیاتر لە ٥ مانگە من بە نوێترین پرۆژەمەوە سەرقاڵم کە ئەویش دروستکردنی ئینسایکلۆپیدیای شێوەکاری کوردیم کە کارکردنە لەسەر ١٠٠ساڵی ڕابردووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشوری کوردستان، واتا لەیەکەمین ڕۆژنامەو گۆڤار کە بە زمانی کوردی بڵاوبووبێتەوە لە باشوری کوردستان تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠.

لەم ماوەیەدا بۆم ئاشکرابوو کە کتێبخانە گشتی و هەموو کتێبخانەکانی ترچ کەمووکوڕییەکی تێدایە، ئەو کەمووکوڕییە کاتێك ئاشکرا دەبێت کە دەتەوێت بەشێوەیەکی ڕیزبەندیکراوی سەیری هەموو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بکەیت کە لەم بەشی کوردستاندا بڵاوبۆتەوەو دەتەوێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بە بەڵگەوە کارەکان بخەیتە ڕوو، بەڵام ئەوە تەنها دەبێت خەون و هاتنەدی زۆر ئەستەم دەبێت.

ئەوەی کە کێشەیە لەهیچ یەکێك لەو کتێبخانانەدا هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەیەك، یاخود گۆڤارێك بەئەستەم دەست دەکەوێت، دەبێت دوو یان سیان لەو کتێبخانانەدا بگەڕێیت ئەو دەمە ئەگەر بتوانیت ژمارەی ئەو گۆڤارانە، یاخود ئەو ڕۆژنامانەت دەست بکەوێت، یاخود تاکو ئێستا هیچ یەکێك لەو کتێبخانانەدا نەیانتوانیووە سایتێکی ئەکتیڤی وا دروست بکەن کە هاوڵاتیان بەبێ ئەوەی سەردانی کتێبخانە بکات بتوانێت ئەو سەرچاوە پێویستانە بەدەست بهێنێت، بە تایبەت کە ئێستا ژمارەی سپاردنی چاپکراوی نوێ لە کتێبخانەی گشتی دەدرێت کە ئەوە هۆکارێکی زۆر باشە بۆ دانانی ئەو کتێبانە لەناو سایتەکەدا، یاخود داوا لەهەموو نووسەران بکرێت کۆمەکی کتێبخانە بکرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو سایتە تاکو ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەسوود بۆ گشت لایەك.

لەمڕۆدا گەر بڕوانینە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بەشێکی زۆریان لەدوای وادەیەك چاپکراوەکانیان لەنێو سایتەکەدا دەدەنێن بۆ ئەوەی کەسانێك گەر ئەو چاپکراوەی بەردەست نەکەوتبێت ئەوە دەتوانێت داونلۆندی بکات، لەبەرامبەردا هیچ یەکێك لەو کتێبخانە گشتیانەدا نەك لەسەر ئاستی شاری سلێمانی بەڵکو لەسەر ئاستی شارەکانی هەولێرو دهۆك و کەرکوك بەهەمان شێوەیە، هەرچەندە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی سایتێکی ئاسایی کردۆتەوەو ناوی زۆرێك لەو کتێبانەی کە لەناو کتێبخانەدایە دەبرێت، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێت سوود لەو کتێبانە ببینێت، چونکە تەنها ناوی کتێبەکەیە، کە تەنها هاوکارییە بۆ هاوڵاتیان کە بزانن ئەو کتێبانە هەیە، کە بەدڵخۆشییەوە دەکرێت ئەوە بکرێتە هەنگاوێکی سەرەتا تاکو کتێبەکان بۆ داونلۆندکراوی ئامادە، هەروەها کتێبخانەی گشتیی هەولێر ـ یش سایتێکیان دروستکردووە بەهەمان شێوە تەنها بۆ پەیوەندی و ناوی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی لەخۆگرتووەو ناتوانرێت هیچ کتێبێك، یاخود ڕۆژنامەیەك و گۆڤارێك داونلۆند بکەیت.

یەکێك لەو کێشانەی تر کە بەرەو ڕووی ئەو کەسانەی کە سەردانی کتێبخانە دەکەن، لەهەمانکاتدا ئەو فەرمانبەرە بەڕێزانەی کە لەناو کتێبخانەدا زۆر دڵسۆزانە کاردەکەن، بەڵام سەرچاوەیەك یاخود پەیڕەوێك نییە ببێتە هۆکاری زانیاری لەسەر ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو ئەو کتێبانەی کە چاپکراون، بۆ نموونە کاتێك دەپرسیت لەلای ئێوە ٢٠ ژمارەی گۆڤاری بەیان هەیە، ئایا هەر ئەوەندە دەرچووە، یاخود ئێوە هەر ئەوەندەتان هەیە، بەرەو ڕووی وەڵامێك دەبیتەوە کە دڵخۆشکەر نییە ئەویش ئەوەیە کە زانیاری نییە، کە لەڕووی ئیدارییەوە خەتای نییە لەبەر ئەوەی ڕێنمایی نییە.

خاڵێکی تر کە زۆرم پێ سەیرە هەموو کتێبخانەکان سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکن بەناوی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان و بنکەکەی لەشاری هەولێرە، تاکو ئێستا نازانم بۆچی ئەم بەڕێوبەرایەتییە بیری لەوە نەکردۆتەوە نیتۆرکێك دروست بکات لەنێوان کتێبخانەکانی هەرێمدا تاکو هەر هاوڵاتییەك کە پێویستی بەسەرچاوەیەك بوو گەر لە کتێبخانەی گشتی شارەکەی نەبوو، ناچار نەبێت بچێتە هەولێرو سلێمانی و کەرکوك و دهۆك تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو سەچاوەیە بەڵکو ئەوە کارو ئەرکی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەیە کە ئەو کارە ئەنجام بدات و ئاسانکاری بکات نەك وەکو من ئێستا لەپێناو بەدەستهێنانی چەند سەرچاوەیەك سەردانی شاری هەولێر دەکەم.

بەهیوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ئەو خەونەی من و هەموو کتێبخانەکان و هەموو هاوڵاتیان بهێنێتە دی چونکە هەمووومان دەزانین کە سەردەمی مانەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار بەرەو کەمبوونەوە دەچێت لەجیهانداو هەمووی بوونەتە ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەلەکترۆنی.



# خوێندنەوەیەك بۆ"مێژووی خوێندنەوە"

## بخوێنەرەوە تا بژیت.. گوستاف فلۆبیر / ١٨٥٧

(بەشی یەکەم)

ئازاد بەرزنجی




گەرچی خوێندنەوە یەکێکە لە چالاکییە هەرە کۆنەکانی مرۆڤ و لەگەڵ خوێندنەوەدا مێژوویەکی تری مرۆڤ دەستپێدەکات و هەر خوێندنەوەش دەبێتە فاکتەری خۆناسین و ڕابردووناسین و ئایندەبینی، کەچی وێڕای ئەمە ژمارەی ئەو کتێبانەی کە سەبارەت بە خوێندنەوەو مێژووی خوێندنەوە نووسراون؛ گەلێ کەمە. کتێبی"مێژووی خوێندنەوە" یەکێکە لەو کتێبە دانسقانەی کە بەوردی و بە شێوازێکی دڵڕفێن لەسەر نەریتی خوێندنەوەو دونیای کتێب دەدوێت و حیکایەت و بەسەرهاتە سەیرو سەمەرەکانی ئەم دونیایەمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر لە ئەرستۆوە تا سانت ئۆگەستین و ڕیلکەی شاعیری ئەڵمانی و شەیدایانی تری کتێب و خوێندنەوە.

ئالبێرتۆ مانگویل کە نووسەری کتێبی مێژووی خوێندنەوە" یە سەرەتای کتێبەکەی بە بەشێك دەستپێدەکات بەناوی"دوا لاپەڕە"وەو لە بەراییشدا وتەیەکی گۆستاڤ فلۆبێر دەهێنێتەوە کە لە نامەیەکیدا بۆ خاتوو شانتیپی لە حوزەیرانی ١٨٥٧دا نووسیویەتی کە دەڵێت: "بخوێنەرەوە تا بژی."

لە سەرەتای ئەم بەشەدا مانگویل هەژدە وێنەی داناوە کە هی هەژدە کەسێتین و وێنەکان پەیوەندییان بە خوێندنەوەوە هەیە کە هی کەسانێکی ناودارن و مانگویل قسەیان لەسەر دەکات. وێنەکان بە ئەرستۆو ڤرجیل و بۆ هەمیشە." بەڵێ بەلای مانگویلەوە خوێندنەوە دونیایەکی پڕ سیحرەو هەر لە منالییەوە چێژو لەزەتێکی تایبەتیی پێ بەخشیوە. ئەو دەڵێت کە ژیان کتێبەو ئادەمیزادەکان خوێنەرین.

گەردوونناسەکان ئاسمان و گەردوون دەخوێننەوە، ئەندازیارەکان زەوی دەخوێننەوە و ڕاوچی و ئاسەوارناسەکان ئاسەواری گیانەوەرەکان و ئادەمیزادەکان دەخوێننەوە. کەواتە گشت چالاکیەکانی ژیان بریتیین لە خوێندنەوە، لەم خوێندنەوەیەشدا چاوو گوێش بەشدار دەبن. مانگویل لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فێری نووسین دەبێت. ئەو دەڵێت کۆمەڵگا دەشێ بەبێ نووسین دابمەزرێ - وەکو هەندێ لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان - بەڵام ناکرێ بەبێ خوێندنەوە دابمەزرێ.

لە درێژەی سەرەتای گەشتی خوێندنەوەیدا مانگویل باس لەوە دەکات کە ئەزموونەکانی سەرەتای تەمەنی پشتبەستوو بوون بەوەی کە لە کتێبەکاندا دەیخوێندنەوە.

ئەو کاتێك شتێکی بینوە یان دوچاری ڕووداوێك بووە، یەکسەر بەستوویەتیەوە بە شتێکی هاوچەشنیەوە کە لە کتێبێکدا خوێندوویەتییەوە.

بەمجۆرە مانگویل وەکو شەیدایەکی خوێندنەوە هەر لە منالییەوە، لەم کتێبەوە دەچێتە سەر ئەو کتێب و کاتێکیش کە خاوەنەکەی خانم لیلی لباخە کاردەکات. ئیتر لەوێ دەرفەتێکی باش بۆ مانگویل هەڵدەکەوێت کە بە چڕی سەرگەرمی خوێندنەوە بێت، بەڵام یەکێك لەو هەلە سەیرو زێڕینانەی لەوێ بۆی دێتە پێشێ؛ ناسینی خۆرخێ لویس بۆرخسە، کە دواترو بۆ ماوەی دووساڵ دەبێتە خوێنەرەوەیەك بۆی. چۆن؟ مانگویل ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئێوارەیەکیان خۆرخە لویس بۆرخس لەگەڵ دایکە تەمەن ٨٦ ساڵەکەیدا دەچنە ئەو کتێبخانەیەو بۆرخس کە نابینایە لەگەڵ دایکیدا بەناو کتێبەکاندا دەگەڕێت و دواجار بەرلەوەی ئەوێ جێبێڵێت بە مانگویل دەڵێت کە ئەگەر بتوانێت پێی خۆش دەبێت وەکو خوێنەرەوەیەك لە گەڵیدا بێت. ئەمیش بۆ ماوەی دووساڵ ڕۆژانە دەچێت بۆ ئاپارتمانەکەی بۆرخس و کتێبی بۆ دەخوێنێتەوە.

لەو کتێبانەی دەیانخوێنێتەوە بۆی کارەکانی کیپلینگ و ستیفنسون و هنری جەیمس و هاینریش هاینە، جێی ئاماژەیە کە بۆرخس شیعرەکانی هاینەی لەبەر بوو.

### کرداری خوێندنەوە

لە فەسڵی یەکەمی کتێبەکەیدا کە بەناوی((کرداری خوێندنەوە))وەیەو لەبەشی یەکەمیدا(کە ناوی خوێندنەوەی سێبەرەکانە)، نووسەر باس لەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٨٤دا و لەناوچەی تەلبراك لە سوریا دوو نووسین و خوێندنەوەوە هەستی بینین ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، شیشرون لەمبارەیەوە دەڵێت کە بینینی دەق زیاتر یارمەتیمان دەدات تا لە زەینماندا بیپارێزرێ. هەروەها تۆماس ئاکویناس دەڵێت((بینین گرنگترین هەستە کە دەتوانین لە ڕێیەوە مەعریفە بەدەست بهێنین.))

پاشان نووسەر لە چەند لاپەڕەیەکدا باس لە پەیوەندیی نێوان هەستی بینین و مێشکی ئادەمیزاد دەکات و ئەوەش کە چۆن پیتەکان دەگۆڕێن بۆ چەمکە زەینیەکان و بۆ ئەمەش تێڕوانین و بۆچوونی کۆمەڵێك زانا دەخاتە ڕوو، لەوانەش ئەبیقۆرس و ئەرستۆو لیوناردۆ و ئیبن ئەلهەیسەم و میشیل داکس و پاول بروکا و ئەندرێی ڕۆش لیکۆر و هتد...

مانگویل پاش خستنەڕووی بۆچوونی ئەو زانایانە" دێتەوە سەر بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کرداری خوێندنەوەو دەڵێت کە وەختێ کتێبێك بەدەستیەوە دەگرێت بۆ خوێندنەوە، سەرەتا هەوڵدەدات لە ڕێی جووڵەکانی چاوەوە سیستمی ئەو ئاماژانە تێبگات کە پیتەکان پێکیدەهێنن، پاشان لە ڕێی مێشکەوە ڕەمزی ئاماژەکان دادەڕێژرێنەوەو لەم دارشتنەوەیەشدا ئەو دەقە بە هەست و سۆزو سرووش و مەعریفەو ڕۆح ڕەنگدەکات و ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت.

کەواتە هەروەکو دکتۆر میرلین هەمیشە خوێندنەوە بە دەنگی بەرز بووە.

بۆ ئەمەش باسی قەشە ئەمپرۆسیۆس دەکات کە سانت ئۆگەستین لە کتێبی "دانپیانانەکان" یدا ئاماژەی بۆ کردووە و بەمجۆر وەسفی دەکات چاوەکانی لاپەڕەکەیان دادەپۆشی و بە دڵی پێشوازی لە ماناکان دەکرد، دەنگی لێوە نەدەهات، زمانی نەدەجوولا. هەموو کەسێك دەیتوانی بەوپەڕی سەربەستیەوە لێی نزیك بێتەوە.

لەبەر ئەوەی میوانەکانیش پێشتر نەیاندەوت کەی دێن، وەختێ سەرمان لێ دەدا دەمانبینی بەوپەڕی بێدەنگی دەخوێنێتەوە، چونکە هەرگیز بە دەنگەوە نەیدەخوێندەوە".

بەڵام دواترو بە سەدان ساڵ پاش زایین مەسەلەی خوێندنەوە بە دەنگەوە دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی دروستکردنی کەشە ئایینیەکان، تەنانەت جەستەش دەبێتە توخمێکی پێکهێنەری ئەو کەشە ، چ لای مەسیحییەکان و چ لای موسوڵمانەکان.

لە سەدەی دوانزەدا غەزالی کۆمەڵێك دەستوور بۆ دیراسەکردن و فێربوونی قورئان دادەڕێژێت و تیایاندا خوێندنەوە دەبێتە بەشێکی جیانەبووەوەی کەشی ئایینی. لە ڕێسای شەشەمی دەستوورەکەیدا، غەزالی دەڵێت کە گریان لەگەڵ وشە پیرۆزەکاندا پێویستە.

هەروەها لە ڕێسای نۆیەمدا دەڵێت کە پێویستە قورئان بە دەنگێکی بەرز بخوێنرێتەوە بە جۆرێك کە خوێنەرەوەکە گوێی لە دەنگی خۆی بێت.

بەڵام نەریتی خوێندنەوەی بێدەنگ لە دەرەوەی کەشە ئاینییەکاندا بووە نەریتێکی زاڵ و ڕەنگە لە سەردەمی تازەدا ئەم دیمەنە نامۆ بێت کە کەسێك ببینین دانیشتبێت و بە دەنگی بەرز کتێبێك بخوێنێتەوە.

کاتێك سانت ئۆگەستین چاودێریی سانت ئەمپرۆسیۆسی دەکرد کە لە ساڵی ٣٨٤ دا بە بێ دەنگی دەیخوێندەوە، نەیدەزانی ئەوە چییە کە لە ئاستیدا وەستاوە.

هەموو ئەوەی بیری لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە بەرامبەر کەسێك وەستاوە دەخوێنێتەوەو دەیەوێ خۆی لە میوانێکی خۆهەڵقورتێنەر دوور بپارێزێت. بەڵام ئەوەی ئەو بینیی سەرەتایەك بوو بۆ حەشاماتێکی زۆر لە خوێنەر کە بە تێپەڕینی چەند سەدەیەك کەسانێك وەکو لۆتەرو کالڤین و ئیمرسۆنیش چوونە ڕیزیانەوە، هەروەها بۆ ئێمەش، کاتێ نووسینەکانی سانت ئۆگەستین دەخوێنینەوە.

### کتێب و یادەوەرییەکان

خوێندنەوەی هەر کتێبێك تافێك لە تافەکانی تەمەنمان ئەهێنێتەوە یاد.

بۆ نموونە دەشێ خوێنەرێك کتێبێکی لە تافی منالی یان لاویدا خوێندبێتەوە، وەختێ لە تەمەنێکی گەورەتردا دەگەڕێتەوە سەر ئەو کتێبە، گەلێ یادەوەریی ئەو تافەی دەخاتەوە یاد.

هەڵبەت جاری وایە خوێنەر کۆمێنتی خۆیشی لە پەراوێزی کتێبەکان و یان دەفتەرێکدا تۆمار دەکات، ئەو کۆمێنتانەش لە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژگارەدا کە کتێبەکەی تیا خوێندراوەتەوە دەوری خۆیان هەیە.

مانگویل باس لەوە دەکات چۆن کتێبێك لە کتێبەکانیو سەرنجەکانی خۆی لەسەر ئەو کتێبە، ژووری خوێندنەکەیانی لە کۆلیجی نیشتمانی لە بۆینس ئایرس بیر دەخاتەوە، بە هەموو وردودرشتەکانییەوە، هەر لە دەنگی مامۆستاکەوە تا ڕەنگی بۆیاخی ژوورەکە و کەشی پۆلەکە.


قوتابخانەیەکی ئیسلامی لە سەدەی شانزەیەمدا


پیاتوس ریناتۆس.. زەمینە سازی رێبازی مرۆڤگەرایی و کتێب


سوکرات لەگفتوگۆدا

سانت دۆمینیك دەستپێدەکات و بە بۆرخس و کەسێکی دی کۆتایی دێت. شایانی باسە کە مانگویل لە نزیکەوە بورخسی ناسیوەو دواتر لەم بارەیەوە دەدوێین.

مانگویل دەڵێت "لە تەمەنی چوارساڵیەوە لە پڕێکا بۆم دەرکەوت کە دەتوانم بخوێنمەوە، لە هەموو شوێنێك و تەمەنی دەبێت بە شانزدە ساڵ، هەر ئەم عەشقی خوێندنەوەیە وای لێدەکات بیر لەوە بکاتەوە کە دوای دەوامی ڕەسمیی قوتابخانەی بچێت لە کتێبخانەیەکدا کار بکات.

بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٤ دا دەچێتە دەزگای پیگمالیۆن لە بۆینس ئایرس و لە کتێبخانەکەی سەر بەو دەزگایە لەوحی قوڕینی چوارگۆشە دۆزراونەتەوە کە مێژوویان بۆ هەزارەی چوارەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. ئەم دوو لەوحە کۆمەڵێك نیشانەی ئاساییان لەسەر هەڵکۆڵراوەو بە پێی بۆچوونی زانایانی ئاسەوارناس ئەمانە کۆنترین نیشانەی سەرهەڵدانی نووسینن.

هەر لەسەرەتای مێژووی سی. وترۆك لە هەشتاکاندا وتوویەتی: ((بۆ تێگەیشتن لە دەقێك، مانای حەرفیی وشەکان ناخوێنینەوە، بەڵکو مانایەکی بۆ دروست دەکەین.))

### خوێندنەوە بە بێدەنگی

لەم بەشەدا مانگویل باس لەوە دەکات کە چۆن تا سەدەی دەیەمی زایینیش خوێندنەوەی بێدەنگ شتێکی ئاسایی نەبووە و

# فەلسەفەی زانستی کتێبخانەکان



**و. لەفارسیەوە: رۆژان سەیفور**

زانستی کتێبخانەکان زانستێکە هەڵسوکەوت لەگەڵ زانیاری نوێ دەکات. لێرەدا واتای فراوانیی زانین جێگەی بایەخییێدانەو هەر جۆرە زانیارییەکی مرۆڤ لە بواری زانست، زانین، هونەرو تەکنیك لەخۆ دەگرێت. کتێب یان زانستی کتێبخانەکان شتێك بەبیر دێنێتەوە کە لە چەندین پەرەی نووسراو، دەستنووس یان چاپکراو یان گۆڤار پێکهاتبێتو ئەمەش لەخۆیدا هەندێ کات ئەبێتە هۆی ناروونی لە چەمكو مانای زانستی کتێبخانەکاندا. تا ئێستا مرۆڤ زانیارییەکانی خۆی بەشێوازی جیاجیاو زۆر رێکخستووەو یاراستوونی. (کتێب) تەنیا شێوەیەکیەتی کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا زیاتر پەرەی سەندووە. چەمکی زانستی کتێبخانەکان هاوتایە لەگەڵ چەمکی ئینگلیزی Librarianship بنەمای ئەم زانستە کاردەکات لەسەر کۆکردنەوە، یاراستن، رێکخستنەوەو سوودوەرگرتن لە هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندی. (دکتۆر عەباس حورری) مامۆستای زانستی کتێبخانەکانو زانیارییەکان لە زانکۆی تاران لە پێناسەکردنی کتێبو زانستی کتێبخانەکاندا دەڵێ: کتێب هەڵگری دوو واتایە، یەکێکیان مانای سنووردارو بەدامێنێکی داخراوەوە کە هەمان بەڵگەنامە نووسراو و کۆکراوەو پۆلێن کراوەیە کە پێی دەڵێن گۆتنبرگی کتێبو ئەوی تریشیان مانا بەرفراوانەکەیەتی کە بەهەر بەرهەمێك دەوترێت کە بەشێوازێك تۆمار کرابێت. لەم روانگەیەوە، شریت، پەرە،سیدیو تەنانەت ئەوەش کە لە ئینتەرنێتدا بەردەست دەکەوێت، پێی دەڵێن کتێب. رێکخستن لە زانستی کتێبخانەکاندا بەواتای بەرێوەبردنی کتێب دێت لە هەمان مانا بەرفراوانەکەیدا، لەبەرئەوە زانستی کتێبخانەکان سەرلەنوێ کتێب رێکدەخاتەوە. لە دیدی باتلەرەوە زانستی کتێبخانەکان بریتییە لە: خوێندنەوە، تیۆری، مێژوو و کتێبناسیی بەدواداچوون" پسیۆریدان بەمێژوو، جوانییو دادوەرییکی هەیە کە لە ئەخلاقو جوانیناسیدا رەنگیداوەتەوە. زانستی کتێبخانەکانو کۆمۆنیکەیشن، زانستێکە کە کاردەکات سەبارەت بە خوێندنەوەو شیکردنەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی زانین، کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانی (کتێب، گۆڤار، سیدی، بانکی زانیاری، پێگەی زانیارییەکان، ئینتەرنێتو وێب)، رێکخستنەوە، دۆزینەوەو وێنەگرتنەوەی ئەم سەرچاوانەو هەڵگری زانیارییەکانو لێرەوە هەوڵدەدات کە کاتی خوێنەر یان بەکاربەر بەفیرۆ نەدات. لە دەیەی ١٩٧٠دا بە دۆزینەوەی وردی کۆمپیتەرو لەساڵی ١٩٩٠یشدا بەدۆزینەوەی وێبو هاتنە ناوەوەی ئەم پێشکەوتنە نوێیانەی زانیارییەکان بۆ پانتایی کتێبخانەکانی جیهان، ئەو زانستەش دووچاری گۆرانکاری گەورە بوو. لە ئەنجامدا لێکۆڵەرانو مامۆستایانی ئەم بوارە هەوڵیاندا ناوەکەی بگۆرنو وشەی (Information) واتە زانیارییەکانیش بۆ ئەم زانستە زیاد بکرێتو ئەمرۆ بەناوی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکانەوە

(Information Science & Library)

ناسراوەو زانستی گەیاندن بوارێکە کە سەبارەت بەتایبەتمەندیو هەڵسوکەوتی زانیارییەکان، هێزە سەیاوەکان بەسەر رەوتی زانیارییەکانو شێوازی زانیارییەکان بۆ سوودمەندبوون لە زانیارییەکان لێکۆڵینەوە دەکات.

هەرچەندە لە بەریتانیاو هەندێ وڵاتی تردا پێی دەوترێت:

(Information Management, Information Studies)

پێویستیی بوونی فەلسەفە لە زانستی کتێبخانەکاندا، فەلسەفە لە زانستی کتێبخانەکاندا هەڵگری کۆمەڵێك زانستو بیروباوەرە کە زەمینەیەکی بەرفراوان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە جۆراوجۆرەکان لە شێوازە جیاوازەکانی کتێبخانەکاندا فەراهەم دەکات. هەبوونی فەلسەفە بۆ کەسێکی (مەکتەبی) لە پێویستییەکانە، کە ئەوە یارمەتیی دەدات بۆئەوەی بنەمایەك دانێت کە بەپێی ئەو بنەمایە بتوانێت رێبازیی گشتیی خۆی لە زانستی کتێبخانەکاندا قایم بکات. لە دنیایەکدا کە بەخێرایی لە گۆراندایە، کارمەندی کتێبخانە نیازمەندی فەلسەفەی تایبەت بەخۆیەتی، چونکە هەبوونی فەلسەفە وای لێدەکات رێگەچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ کێشەی نوێ کە لە کاری رۆژانەیدا توشی دەبێت. لەوەها حاڵەتێکدا ئەو دەتوانێت شێوازێکی بیرکردنەوەی روونو ئەرێنی هەبێت لە ئاست هامشۆکەراندا. هەروەها ئەم کارەش رێنوێنی دەکات بۆ جێگیری لە بریارداندا کە ئەوەش سیفەتی رابەرێکی بەتوانایە.

فەلسەفە پیشاندەری توانایییەکان، ئامانجەکانو بیروباوەرەکانیەتی لەبەرامبەر پێگەو مرۆڤەکاندا. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەش کە گۆرانە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، تەکنەلۆجیو ئەخلاقیەکان جاوێۆشیان لێناکرێت، فەلسەفەیەکی باش پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە گۆراوەکانی کۆمەڵێك کە لە خزمەتیاندایەو شیاوی چاکسازی بێت، بگۆردرێتو شیاوی جێگرتنەوە بێت. هیچ جۆرە رووداوێکی تیۆری سەبارەت بەوە کە پێویستە چ شتێك بنەماو بنچینەی فەلسەفە بێت لە زانستی کتێبخانەکاندا نییە. پێویستە ئێمە شێوازی زانستی بگرینەبەرو فەلسەفەی زانستی کتێبخانەکان لەسەر بنەمای یاساکان، رێساکان، بیروراکانو تیۆرەکانی زانستی کتێبخانەکان دابنێین. یاساکانی زانستی کتێبخانەکان کە لە نووسینی رانگاناتانە Ranganatan بنەماکانی وەها رێبازێك لەخۆ دەگرێت، رانگاناتان دانی نا بە رێبازی فەلسەفەدا کە تەنها سنووردار کرابوو بەلایەنی خزمەتگوزاریی کارمەندانی کتێبخانەکان. فەلسەفەی باتلەر لەبارەی زانستی کتێبخانەوە، بەناونیشانی (فەرهەنگ گەرایی)، چەمکی عەقڵانی زانستی کتێبخانەکان بەپێی بنەمای زانستی، خواستو بەکاربردنە بەرهەمهێنەرەکانییەوە پێناسە دەکات" هەموو ئەمانە لە روانگەی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە لێی دەروانرێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین رێرەوی گۆرانەکانی رێبازە عەقڵانیو فەلسەفییەکانی زانستی کتێبخانەکان لەروانگەی نیتیکییەوە Nitecki بەم شێوازە بخەینە روو:

١. سەردەمی پێش فەلسەفە
٢. سەردەمی کلاسیك
٣. سەردەمی بیروباوەر
٤. سەردەمی سەرجڵی یان فەلسەفەی رێنیسانس
٥. سەردەمی بەڵگە هێنانەوە یان فەلسەفەی مۆدێرن
٦. سەردەمی رۆشنگەری یان فەلسەفەی زانستی سروشتی
٧. سەردەمی ئایدۆلۆژی یان قوتابخانەیی
٨. سەردەمی شیکاریی یان چوونە ناو سنوری فەرمانرەوایی فەلسەفەی نەناسراو.

سەرچاوە:
persianarticle.persianblog.ir

# کتێبە بەنرخەکەی مێژووی (ماد)ی (أ.م.دیاکۆنۆف)

**شاهۆ عوسمان**

نوسەری بەناوبانگ ( ئیکۆر میخائیلویف دیاکۆنۆف) هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی مێژوو، هەروەها شارەزا لە بواری زمانی "ئەکەدی، سۆمەری، ئۆراتۆیی،...و مێژووی رۆژهەڵاتی کۆن، بەرێوەبەری مۆزەخانەی"ئەرمیتاج"، مامۆستای زانستی مێژوو، ئەندامی شانازیی ئەنجومەنی ئاسیا لە بەریتانیا. خاوەنی چەندین نووسینە سەبارەت بە مێژووی کۆنی رۆژهەڵاتو زمانەکانی ئەکەدییو سۆمەریو ئۆراتۆ... نوسەری ئەم کتێبە پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە بەشی پەیمانگای گەلانی ئاسیا لە پەیمانگای زانستی سۆڤیەتی لینینگراد، بەشێك لە لێکۆڵینەوەو نووسینەکانی تایبەتن بەکلتور.

سەرەڕای ئەم کتێبە مێژووییە چەندین کتێبی مێژووی یۆنانی کۆنو رۆژهەڵاتی کۆنو شوێنەوارە مێژووییەکانی نووسیوە.

سەرەڕای ئەوەی کتێبی (مێژووی ماد)لە نووسینی "دیاکۆنۆف" لە ساڵی ١٩٥٦ چاپکراوە بەزمانی رووسی، نووسەری بەناوبانگ "کەریم کشاوەرز" کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەنجومەنی فەرهەنگ بووەو ئەندامی دەستەی ئامادەکاری گۆڤاری ئەنجومەنەکە بووە، شارەزایی لە زمانی ئینگلیزیوفەڕەنسیو رووسی هەبووە، چەندین بابەتی مێژوویی ئەدەبی لەو زمانانەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، لە زمانی رووسیەوە کتێبی (مێژوی ماد)ی کردوە بە فارسیو لە دوو تویی (٦٦٤) لاپەڕە،کە چەندین تابلۆ،وێنە، خشتەو نەخشەی لەخۆگرتووە، چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦کراوەو تاکو ساڵی (٢٠٠١)، (٦) جار بە زمانی فارسی چاپکراوەتەوە، ئەم کتێبە چاپی شەشەمی ساڵی "٢٠٠١" بە تیراژی (٣٠٠٠) دانە لەلایەن دەزگای بڵاوکراوەی زانستیو فەرهەنگی لە تاران چاپکراوە .

نووسەرو وەرگێڕی بەتوانای کورد"بورهان قانع" لە فارسییەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریو هونەر بووەو دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لە (٨٨٧)لاپەڕەدا لە بەغداد چاپکراوە، چەندین تابلۆو وێنەی لە خۆگرتوە، بۆ جاری دووهەمو سێهەم بەزمانی کوردی چاپکراوەتەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ بە تیراژی (١٠٠٠)دانە لە دوو تویی (٧٦٩) لاپەڕەو وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان چاپی سێهەمی کردۆتەوە.

هەروەها بەرێز"عبدالستار کەلهوڕ"ی لە کوردییەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە کتێبکی (٦٤٣) لاپەڕەدا بە پێوەری (٢٣١٦,٥)سم لە یەك بەرگدا کە کۆمەڵێك وێنەو تابلۆی لە خۆگرتووە، لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریولاوان لە هەولێر چاپکراوە.

ئەم کاری وەرگێڕانە بۆ سەر زمانی فارسیو کوردیو عەرەبی کارێکی مەزنو شایستەی پێزانینو خزمەتێکی گەورەو دیارە لە کتێبخانەکاندا. بابەتەکانی ناساندنی بەشێکە لە مێژووی کۆنی ناوچەکە بەکەسانێك کە زمانی کوردیو فارسیو عەرەبی بەکاردەهێننو دەیزانن جگە لە زمانی رووسی نووسەر، ئەم خزمەتی وەرگێڕانەش بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر مێژوو و جوگرافیای بەشیك لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستو بەتایبەتی لێکۆڵینەوەیەکە بۆ دەوڵەتی ماد، بەوهیوایەی بتوانرێت بکرێتە سەرچاوەیەك کەببێتە توێژینەوەی زیاتر لەسەر مێژووی ماد لەلایەن زانکۆکانی کوردستان.

لە رووی هونەری چاپکردنەوە ئەوەی جێگای سەرنجو داخە ئەو چاپەی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان لە هەولێر ساڵی ٢٠١١ کراوە بە زمانی عەرەبیو چاپکراوە، هەموو بەڵگەنامەو نەخشەو تابلۆکانی بە شێوەیەکی نارێك لە بچووککردنەوەدا کراوە، ئەمەش نیشانەی بایەخ پێنەدانو کەم پێزانینە کە لە کۆتایی بەرگی کتێبەکە بەشێوەیەکی نارێکوپێك چاپکراوە، کەڕوونو ئاشکرانییە، بەمەرجێك لە سەرچاوەی کتێبە فارسییەکەدا لە جێگای خۆیو زۆر بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا دیارە، سەرەڕای ئەوەی لە چاپە کوردییەکەی ساڵی ١٩٧٨ دا ئاشکراترە بە بەراورد بەم چاپە تازەیە.

ئەمەش بۆ خۆی کێشەی تەکنیکی چاپکردنی کتێبە لە کوردستان کە دەبووایە چاپی ٢٠١١ زۆر باشتر بووایە لەڕووی تەکنیكو رونکردنەوەی ئەو تابلۆو نەخشەو وێنانە بە تایبەتی کتێبێکی وا دەگمەنو نایاب کە بایەخی مێژوویی هەیەو لەهەمان کاتدا دامودەزگایەکی فەرمیی حکومەت چاپی بکات.

ناوەرۆکی ئەم کتێبە کۆمەڵە باسو بەسەرهاتی مێژووی بنچینەی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو ئیدارییەکانی دەوڵەتی مادە ... ئەو سەرچاوانەی دەست نووسەری کتێبەکە (أ.م.دیاکۆنۆف)کەوتوون بۆتە هۆی کردنەوەی چەند گرێیەکی ئاڵۆزی جوگرافیای مێژووی رۆژهەڵاتی کۆن، لە رۆژگاری کۆندا دەوڵەتی ماد، یاخود ئیمپراتۆرێتی ماد کە دەسەڵاتی ئاشوریی لە ناوبرد.

ئەم دەسەڵاتە نزیکەی سەرانسەری ئاسیای رۆژئاوای گرتبووە ژێردەسەلاتی خۆی، لەڕووی ئاینییەوە ئامۆژگاریو بنەماکانی بنچینەی ئاینی زەردەشت بووەتە بیروباوەڕو فکری خەڵکی ئەو سەردەمەو لەناو نەخشەی ئیمپراتۆریەتی ماد پەرەی سەندووە.

یەکەمین پادشای ماد "دیوك" شاری" ئەکپاتانی" دروستکردوە سەڵتەنەتی مادی دامەزراندووە کە (٥٣) ساڵ حوکمی کردوە،کوڕەکەی "فرائورت" کە پارسەکانو هۆزەکانی تری ئاسیایی خستۆتە ژێر دەستی خۆی (٢٢) ساڵ سەڵتەنتی کردووەو لە شەڕی ئاشورییەکان کوژراوە، "کیاکساری" کوڕی فرائورت لەشکری مادەکانی کۆکردۆتەوەو ٤٠ ساڵ پادشایی کردوە.

لەم کتێبەدا ناوی پادشایانی مادو ماوەی حوکمدارییەکانی دەستنیشان کراوە،کاتێك سەرنجی ناوەرۆکی ئەم کتێبە دەدەین دەبینین کە کیشوەری ماد لە رۆژگاری کۆندا بەر لەکەرتبوونو نەمانی هەرگیز کیشوەرێکی یەکپارچە نەبووە، بەڵکو لەسەر یەکگرتنی هۆزەکان بووە، دامودەزگای سەربازیو ئیداریی هۆزو یەکە ئیدارییەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە.

لەکۆتایی سەدەی چوارەمی پێش زایینی بووە بە دوو بەشەوە، یەکێکیان ناوبراوە بە (ئەترۆپاتین) و (مادی بچووك)، ئەم دوو بەشە هەرگیز یەکیان نەگرتۆتەوەو نەبونەتە یەك، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی مادی ئەتروپاتین خەڵکی وڵاتی ئازربایجان بوونو مادی بچووکیش دانیشتووانی جیاوازبوون، ئەوەی جێگای ئاماژەیە خاکی ناوبراوی دەوڵەتی ماد لەڕووی جوگرافیاییو مێژووییەوە دەکرێت بە سێ بەشەوە:

بەشی رۆژئاوا یان مادی ئەترۆپاتین کە بەشی سەرووی روباری ئاراسەو لە خوارەوە تا کێوی ئەلوەن، سەرانسەری ئەم ناوچەیە ئەکەوێتە ناوچەکانی ئازربایجانو کوردستانی رۆژهەلات.

بەشی رۆژئاوای (مادی ئەتروپاتین) کە چیاکانی ئەتروپاتینی گرتۆتەوە، بەشی دووەمی ئەتوانین بڵێین مادی بچووك کە سەرزەمینی گردوگردۆڵکەکانی گرتۆتەوە لەنێوان دوو ریزە چیاوە، لەلای باکورەوە چیای ئەلبورزە بۆ سەر دەریای خەزەر.

بەشی سێهەمی دەوڵەتی ماد "پارتاکنا" ئەم بەشەیان ناوچەیەکی کۆنەو لەلای باکوری رۆژئاواوە لەگەڵ ئەرمەنستانی ئێستاو ئالبانی هاوسنوربوون، خاکی ماد لە ئاسیای ناوەڕاست جیاکراوەتەوە، کە ئاشورییەکان لە رۆژئاواییەکان بوون.

لە کتێبەکەدا باسی سەردەمی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی خاکی ماد ئەکات ،واتە دانیشتووانی کۆنی مادی رۆژئاوا لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینی، کە هوریو عیلامیو لۆلۆییو گۆتیو کاسیو روخسارو نەژادی خەڵکی ماد.

هەروەها ئاماژەکراوە بە سەردەمی پێکهێنانی نەرێتی کۆیلەداری لەسەر زەمینی مادو ماننا و یەکێتی هۆزەکانی ماد.لە رووی دابەشبوونی کۆمەلایەتییەوە چەندین چینو توێژی جیاواز هەبووەو زیاتر بایەخدراوە بە کشتوکاڵو پیشەسازیو کەسانی ئاینیوسەربازی.



# کتێبخانە گشتییەکان

## المكتبات العامة

یاسین قادر بەرزنجی
لە عەرەبییەوە دەیکاتە کوردی




**٥- کەلوپەل و کەرەستەکان:**

پەیوەندی تەواویان هەیە بە تەلاری کتێبخانەوە، چونکە بەبێ کەرەستەو کەلوپەلەکان کاری کتێبخانەیی بەڕێوە ناڕوات، لەوەبەر بایەخی ئەوتۆ نەدەدرا بەوانە، وا دەزانرا بە بوونی سەرچاوەو کتێبەکان و شتێك کەلوپەل، کارەکان رایی دەبن، ئیتر رەچاوی جۆری کەلوپەلەکان نەدەکرا.

لەم سەردەمە نوێیەدا بایەخدان بە کەلوپەلەکان زیادی کردوە، چونکە دەزانرێت چ رۆڵێکی هەیە بۆ کاری کتێبخانە لە کۆمەڵگادا، هەروەها بۆ بەرژەوەندیی سوودمەندانی کتێبخانەو سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی، هەربۆیە ئەمرۆ گەلێك تایبەتمەندی و پێوانە دەبینین کە پێویستە لە کاتی پڕ کەرەستەکردنی کتێبخانەدا رەچاو بکرێن.

**کەلوپەلی کارمەندان**

پێویستە هەر کتێبخانەیەك کەلوپەلی گونجاو بۆ کارمەندەکانی دابین بکات، ئەویش لەپێناوی راپەڕاندنی کاروباری کارمەندی بەشەکانی وەکو: خواستن، گەڕاندنەوەی سەرچاوە کتێبخانەییەکان، رێنمایی خوێنەران و بەشەکانی تر، هەندێك لە کتێبخانەکان ئەوەیان لەلاباشە کە خواستن و گێڕانەوەی سەرچاوەکان ناوەندیی بن و ئەنجامدانیان لە جێگایەکدا بێت لەدەرەوەی تەلاری خودی کتێبخانەکەدا، بەڵام زۆربەیان وایان بەلاوە پەسەندە ئەو کارانە لەناو کتێبخانەدا ئەنجام بدرێت، ئەوەش پێویستی بە رووبەرێکی باشە تا کەلوپەلی تەواوی تیادا دابنرێت، ئیتر کەلوپەلەکان بریتی دەبن لە دۆلاب و مێز جێگای دانانی کتێبەکان کە دەخوازرێن و تۆمار دەکرێن، هەروەها ئەوانەی دەهێنرێنەوە تا لە جێگای خۆیاندا دادەنرێنەوە.

دەکرێت بۆ کتێبخانەی بچووکی منداڵان جێگای بچووکترو کەلوپەلی کەمتر تەرخان بکرێت، بەڵام لە کتێبخانە گشتییەکاندا پێویست بە جێگایەك دەکات بە تایبەت بۆ خواستن نەخشەکێشرا بێت، تاوەکو بتوانرێ مامەڵە لەگەڵ زۆرترین هامشۆکەردا بکرێت، ئەو جۆرە نەخشەسازییە وا دەکات چاودێری هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی سوودمەندان و سەرچاوە خوازراوەکان بکرێت، کەواتە پێویستە لە نزیك دەرگای سەرەکییەوە بێت کە سوودمەند هامشۆی لێوە دەکات.

**(دەکرێت بۆ کتێبخانەی بچووکی منداڵان جێگای بچووکترو کەلوپەلی کەمتر تەرخان بکرێت، بەڵام لە کتێبخانە گشتییەکاندا پێویست بە جێگایەك دەکات بە تایبەت بۆ خواستن نەخشە کێشرا بێت)**

باشتر وایە ئەمینداری کتێبخانە ئەو کارە رۆتینیانە بۆ گروپێك لە کارمەندە هاوکارەکانی جێبهێڵێت، تاوەکو خۆی بواری هەبێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سوودمەندان و یارمەتیدانیان، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان، پێویست وایە بۆ ئەو جێگای رێنمایی کردنە ژوورێك دوور لە دەروازەی کتێبخانەوە درووست بکرێت، بەڵام لەبەرچاودا بێت و خوێنەر بەئاسانی بیگاتێ، هەرچۆن پێویستە کەلوپەلی پێویست بۆ ئەو جێگایەش دابین بکرێت، هەرچۆن دەبێ ئەو (نووسینگەیە) نزیك بێت لە شوێنی بابەتە بیبلیۆگرافیاییەکان و لیست و رێبەرەکان کەوا خوێنەر کاری پێیان دەبێت.

**کورسییەکان**

پێویستە سوودمەند بتوانێت خۆی بەرزیی کورسی و پشتەکەی رێکبخات، تابتوانێ بەباشی لەسەری دابنیشێت و بخوێنێتەوە، تاوەکو بەویستی خۆی پشتەکەی بۆ پێشەوەو دواوە بجوڵێنێتەوەو چۆن پێی خۆشە دابنیشێت. هەرچۆن پێویستە جوڵاندنەکان بەئاسانی بەدەستیەوە بێن و کورسییەکەی بەکەڵکی دانیشتنی بێت، بەوەش کتێبخانە چالاکانەتر خزمەتی خوێنەرانی دەکات.

**ژوورەکانی چالاکیی منداڵان**

پڕکردنەوەی پانتایی ژوورەکانی منداڵان، لەهەر جێگایەکدابن دەبێت چالاکییەکانی ئەوانی تیادا بێتە دی، بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانرێت کورسییەکان بەشێوەیەکی نافەرمیی (وەك دانانی کورسییەکانی هۆڵی گەورەکان/ وەرگێڕ) دابنرێن، چونکە منداڵان بەوە دڵشاد دەبن، بەتایبەتیش گەر کورسیی منداڵانەیان لەبری ئەوانەی پشتیان رێکە، بۆ دابنرێت.

هەروەها پێویستە جێگاکان بەپێی جۆری چالاکییەکان بۆ تەرخان بکرێت، واتە هەر چالاکییە بەپێی پێویستیی خۆی. گەر چالاکییەکان بەکاری دەستی و کاغەزین بوون، ئەوا دەبێ مێزەکانیان لەوانە بن کە بەزوویی خاوێن دەکرێنەوەو بە پەڕۆی تەڕ بسڕدرێنەوە، هەرچۆن دەبێ سەرچاوەی ئاویان لاوە نزیك بێت بۆ دەست شتنی منداڵەکان و کارمەندەکان، هاوکات ئەو جێگایانەی نمایشی فیلمیان تیادا دەکرێت پێویستە تاریك بکرێن، واتە لەکاتی کوژاندنەوەی گڵۆپەکاندا روناکی نەیانگرێتەوە، پێویستیش دەکات لەو جێگایانەدا شوێنی تەرخان هەبێت بۆ پاراستنی کەلوپەلە بەکارهێنراوەکان، وەك ئامێرەکانی نمایشی فیلم.

**مێزەکان**

کاتێك مێزی کارمەندان درووست دەکرێت، پێویستە رەچاوی بەرزییەکەی بکرێت و لە ٢٢ تا ٤٥ ئینج بن، هەرچۆن دانانی هەندێ مێزی بەرزتر بۆ کارکردنی ئەو کارمەندانەی ئازاری پشتیان هەیە، تا بەپێوە کاری لەسەر بکەن، کارێکی پێویستە.

هەروەها پانیی مێزەکان دەبێ لە ٣٠ ئینج کەمتر نەبن.

**کەلوپەلەکانی بابەتە بیستراو و بینراوەکان**

بوونی بابەتی بیستراو و بینراو لە کتێبخانەدا ئەوە دەخوازێ کە کەلوپەلی پێویست دابین بکرێت بۆ بەکارهێنان لەو بەشەدا، لەوانە مێزی گونجاو بۆ دانانی ئامێرەکان لەسەریان، هەروەها چەند ئامێرێکی وەکو: تۆماری کاسێتە دەنگییەکان و ئامێری نمایشی فیلمەکان، ئەوانەش بەشێکیان بە پاتری کار دەکەن و بەشی تریشیان بەوزەی کارەبا، هەربۆیە دەبێ لە نەخشەسازیی ئەو بەشەدا دانانی جێگاکانی و دانانی خاڵەکانی کارەبا بەهەند وەربگیرێت، وەك پێویست.

**روناکی**

روناکی رۆڵێکی دیاری هەیە، نەك هەر لە نەخشەسازیی کتێبخانەدا، بەڵکو لەپێشکەش کردنی ئەرکەکانیشیدا، هەمیشە ئەو نەخشەسازییە بەشێوەیەکە کە کارمەندانی کتێبخانە بەباشی بەکاری بهێنن و سوودمەند بن لێی.

روناکی بەتەنیا خزمەتی تەلاری کتێبخانە ناکات، بەڵکو کاریگەریشی دەبێت بۆ سەر هامشۆکەرانی کتێبخانەو وایان لێدەکات هەستێکی باشیان هەبێت بەرامبەر خودی کتێبخانە.

لەدانانی روناکیدا، لەکۆنەوە تا ئەمرۆ گۆڕان بەسەر روناکیدا هاتووە، دەبینین ئەمرۆ روناکی بەشێوەیەکە سوودمەندان هاندەدات بۆ هامشۆی کتێبخانەو سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان.

کتێبخانەکان، وەك هەر تەلارێکی تر، لەژێر کاریگەریی مۆدێلە نوێیەکانی دامەزراندن و دانانی روناکیدایە، گڵۆپەکان بەباشترین شێوە روناکی دەبەخشن و هاوکات وزەی کارەبای کەمیشیان دەوێت، زۆرجار گڵۆپەکان بە بنمیچی بەرزەوە جێگیر دەکرێن تاوەکو زۆرترین تیشك دابەش بکەن، لەگەڵ ئەوانەدا رەچاوی نەخشەسازیی سیستەمەکانی گەرمکردنەوەو فێنك کردنەوەی کتێبخانە دەکرێت.

لەرابردوودا دانانی روناکی بۆ هۆڵەکانی پاراستنی کتێب گرفتیان لەبەردەمدا بووە، بەڵام ئێستا ئەندازیارە تەلارسازەکان و نەخشەسازەکانی ناوەوەی کتێبخانەو ئەندازیارانی کارەبا پێکەوە پلانی ئەوەیان داڕشتووە کە دابەشکردنی روناکی لەو هۆڵانەدا بەشێوەیەك بێت کە سەرجەم دۆلاب و رەفەکانی پاراستنی کتێب دیاربن و روناکی بیانگرێتەوە.

هەرچۆن لەتەلاری کتێبخانەکاندا، بایەخی زۆر دەدرێتە پەنجەرەکان، نەك هەر وەکو سەرچاوەیەکی بینین لەهەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوە، بەڵکو وەك هۆکارێ بۆ روناك کردنەوەی زیاتر.

لەئێستادا پانتاییەکی زۆر لە دیوارەکانی کتێبخانە بۆ پەنجەرەو شووشە تەرخان دەکرێت، لەدانانی جۆری شووشەشدا رەچاوی ئەوە دەکرێت کە ئەستوور بن و نەهێڵن دەنگ بگاتە ناو کتێبخانە.

**ئامێرەکان**

بەکارهێنانی ئامێرەکان لەکتێبخانەدا بووەتە کارێکی یەکجار پێویست و سەرجەم ئەرکەکانی کتێبخانەو خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە بەهۆی ئامێرەکانەوە رادەپەڕێنرێت، ئەمە بەروونی لە خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکاندا رەنگی داوەتەوە، ئیتر قەوارەی کتێبخانە هەرچەندە بێت و سەرەکی بێت یان لاوەکی.

کتێبخانە پێویستی زۆری بەبوونی ئامێرەکانی کۆمپیوتەرە، هاوکات پێویستی بەوەیە بەشداربێت لە سیستەمە کۆمپیوتەرییەکاندا بۆ کاری پێڕست و خواستن و کارە رۆتینییە رۆژانەکانی تر.

ئامێرەکان پێویستیان بەجێگای گونجاوی خۆیان هەیە تا دابنرێن و کاریان لەسەر بکرێن، هەروەها دەبێت لەو جێگایانەدا کە دادەنرێن کەشی گونجاو دابین بکرێت، لە سەرچاوەکانی گەرمی و ساردیی، هەروەها لەبوونی سەرچاوەکانی وزەی کارەبا و هێڵی تەلەفۆنی، دەبێت شاشەی کۆمپیوتەرەکان لە روناکیی راستەوخۆ بپارێزرێن.

هەرچەندە جێگرەوە بۆ پێڕستی کارتەکان داهێنراوە و سوودمەند بەهۆی کۆمپیوتەرەوە مەبەستەکانی دێنێتە دی و ئەوەش پانتایی بۆ کتێبخانە گێڕاوەتەوە، بەڵام پارێزگاری لەو جۆرە پێڕستە دەکرێت تا بەیەکجاری دەگۆڕێت بەشێوەی کۆمپیوتەری.

ئەم سیستەمە نوێیە هەلی باشتر دەڕەخسێنێ بۆ خوێنەران و کارمەندان لەیەك کاتدا کارەکانیان بەباشترین شێوە بەرن بەڕێوە، هەڵبەت سالانی ئایندە سیستەمە راستەوخۆکان دەبێتە بنەمای کار و کاروبارەکان خێراتر و گونجاوتر بەڕێوە دەچن.

بەکارهێنانی سەرچاوەکان وەك ژێدەر و رێبەری ئەلیکترۆنی لەکارەکانی توێژینەوەو بیبلیۆگرافیادا، وایانکردوە رووبەری گەورەتر تەرخان بکرێت بۆ خزمەتگوزارییەکانی ژێدەر و رێبەرەکان.

لەهەندێك لەکتێبخانەکاندا چاودێریی سەرچاوەکانی زانیاریی جۆرە کارێکی تایبەتە، هەربۆیە پێویستی بە رووبەرێکی جیاو داخراو هەیە، ئیتر لەشوێنی ژێدەرەکاندا بێت یان لەشوێنی کاری کارمەنداندا، دیارە سوودمەندیش یاخود راستەوخۆ سوود لەجێگای سەرچاوەکان و سەرچاوەی مەبەستی وەردەگرێت، یاخود لەرێی کارمەندی کتێبخانەوە.

هەندێك کتێبخانەی گشتی چەند کۆمپیوتەرێك بەجیا تەرخان دەکەن بۆ بەکارهێنانی سوودمەندان، بەتایبەت کە ئەوە بووەتە خزمەتگوزارییەکی بەربڵاو دەرکەوتووە سوودمەندان حەز بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەکەن لە کتێبخانەدا، دەتوانرێ کۆمپیوتەرەکان بەو بەرنامانە کاربکەن کە لەلایەن کتێبخانەوە بۆیان دادەنرێت، یان خودی سوودمەند بۆیان دادەنێن.

بەڵام ئەو کتێبخانانەی بەشداریی دەکەن لەگەڵ دامەزراوی تردا لەرێی ئامێری کۆمپیوتەری سەرەکییەوە، لەناو کتێبخانەدا، ئەوا دەکەوێتە ژێر چاودێریی تەواوی کتێبخانەکەوە.

هەروەها بوونی چەندین هێڵی تەلەفۆن لە کتێبخانە گشتییەکاندا کارێکی پێویستە، هەرچۆن زیادبوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر(ئینتەرنێت)و فاکس لە کتێبخانەدا ئەوە دەخوازێ ژمارەی هێڵەکانی تەلەفۆن زیاتر بکرێن، پێویستە خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی لەچەند جێگایەکی جیاوازی ناو کتێبخانەدا بەڕێوەببرێت.

**پارێزگاری لە ئاگر کەوتنەوە**

بوونی ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوەو ئاگر کوژاندنەوە لە کتێبخانەدا کارێکی یەکجار پێویستەو نابێ ئەم لایەنە فەرامۆش بکرێت.

لەئێستادا سیستەمەکانی فریاکەوتنی ئەو حاڵەتەو پاراستنی سەرچاوەکان لە سووتان و لەناوچوون بەجۆرێکە کە لە کۆندا وا نەبووەو سیستەمی پێشکەوتوو دانراوە بۆ بەرگرتن لەو مەترسییە، کتێبخانەکان لە هەوڵی ئەوەدان لە ئاگرکەوتنەوەدا سیستەمی کوژاندنەوە بە گاز بێت نەك بە ئاو، تا سەرچاوەکان خراپ نەبن، هەرچۆن ژووری کۆمپیوتەرەکان و جێگاکانی پاراستنی کتێبە دەگمەنەکان هەستیارانە تر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ بەدووربوون لەو مەترسییە.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library NO. 24 – 13/9/2011


# کتێبخانەی گشتیی رانیه درێژە بەخزمەتگوزارییەکانی دەدات

لەمانگی ئابی رابردوودا، کتێبخانەی گشتیی رانیە چالاکیی هەمەڕەنگی نواندووەو وەك هەمیشە خزمەتگوزارییەکانی بەباشی بەڕێوە بردووە، لەوانە:

* نزیکەی ٣٠٠ خوێنەر لە هەردوو رەگەزی نێرو مێ سەردانی کتێبخانەیان کردوەو بەخواستنی کتێب بۆ ناوەوەو دەرەوەی کتێبخانە سوودمەند بوون.

* لە هۆڵی( میرزا مەنگوڕی)ی کتێبخانەدا شانۆکارانی هەردوو تیپی دەروازەو برایەتی بەهاوکاریی بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەکە کۆبوونەوەیان سازداوەو دواجار بەیەکگرتنی هەردوو تیپ مزگێنی دراوەتە رۆشنبیران‌و هونەر دۆستانی شارەکە.

* دوای سەردانی بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان بۆ کتێبخانەی ناوبراو، بڕیاردراوە لەناحیەی هەڵشۆی سەر بەقەزای پشدەر کتێبخانەیەکی گشتیی بکرێتەوەو وەك بەڕێز (سەباح محەمەد حەسەن ) بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی رانیە پێی راگەیاندین ئێستا بەڕیوەبەرێتییەکە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکات.

# کتێبخانەی خورماڵ کتێب دەگەیێنێتە گوندەکان

**کامەران قاجری**

لە درێژەی خزمەتگوزارییەکانی، وابڕیارە کتێبخانەی گشتیی خورماڵ لەم رۆژانەدا بەبۆنەی سەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە کتێبخانەی گەڕۆك بۆ چاپەمەنییەکانی منداڵان بگەیێنێتە گوندەکانی دەوروبەری خورماڵ‌و بۆ ئەو مەبەستەش(خانەی سمۆرە) بەچاپکراوە نوێیەکانی هاوکاریی کتێبخانەکە دەکات، لە یەکەمین هەنگاودا، کتێبخانەکە بەنیازە ئەم پرۆژەیە بگەیێنێتە قوتابیانی گوندەکانی(ئاوایی خێڵی حەمە، تەپەکوڕە، دێ کۆن).

جێی سەرنجە، کتێبخانەی خورماڵ لەمانگی ئابی رابردوودا، ٢٠٠ کتێبی نوێیان پێڕست‌و پۆلێن کردوەو لەبەشی ئینتەرنێتدا ٥٠٠ کەس سوودمەندبوون‌و بەشی منداڵانیشی پێشوازی لە ٦٥ منداڵ کردوە.

# کتێبێکی هونەریی بۆ غازی محەمەد




**ئاسۆی کتێبخانە**

کۆکردنەوەو ئەرشیفکرنی بەرهەمی هونەرمەندانی هەر میللەتێك یەکێکە لەو کارانەی کە میللەتانی پێدەناسرێت‌و دەبێتە خاوەنی پایەو گرنگییان لە گشت جیهاندا، هەر لەو دیدەوە بووە، هونەرمەندو رۆژنامەنووس (بەختیار سەعید) لە بواری رۆژنامەنووسیی هونەریدا کاری ئەرشیفی شێوەکاریی ئەنجامداوە، ئەمڕۆش لەدوایەمین کاریدا دیزاینی کوڕاسەی شێوەکاریی کۆچکردوو (غازی محەمەد)ی تەواوکردوە.

سەبارەت ئەم چاپکراوە نوێیەی کاك بەختیار وتی:

ـ کارکردنم لە کوڕاسەی غازی محەمەد زیاتر لە (٣) مانگی خایاندووەو رێزلێنانێکە لەو شێوەکارە کە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیی هەیە، ئەوەی کە بە پێویستی دەزانم بیڵێم ئەوەیە کە کوڕاسەکە لەلایەن رۆژنامەی (کورستانی نوێ)وە چاپ دەکرێت، کوڕاسەکە لەچەند بەشێك پێکهاتووە، لەوانە دیداری تایبەت لەگەڵ شێوەکار غازی محەمەدو خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی بۆ کارەکانی‌و هەروەها خستنەڕووی هێڵکاری‌و تابلۆکانی.

وابڕیارە کوڕاسەی غازی محەمەد لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوببێتەوە.

# دەزگای ئاراس‌و کتێبخانەی گەڕۆك




بەپێی هەواڵێکی بڵاوکراوەی(بزاو)، دەزگای ئاراس لە هەولێر لەهەنگاوێکی نوێیدا پاسی گەورەی دابینکردوە بۆ خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گەڕۆك‌و بەسەدان ناونیشانی سەرچاوەکانیەوە روو لە ناوچە جیاجیاکان دەکات.

ئەم هەنگاوەی(ئاراس) رێگا خۆشکەرە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب‌و پڕۆسەی خوێندنەوەو خزمەتکردنی لایەنی رۆشنبیریی لە کوردستانداو(ئاسۆی کتێبخانە) دەستخۆشی‌و پیرۆزباییان لێدەکات.

**بزاو ٢٠١١/٨/٢٥**

# ئاخۆ هەموومان دەبینە خەڵکی چین؟

**ئا. قوباد**



" دوای دە، یان بیست ساڵی تر، وڵاتی چین دەبێتە لوتکەی سیستمی نێودەوڵەتی‌و بازاڕەکانی جیهان‌و پێشڕەوی ئەفراندن‌و داهێنان"، ئەمانە لەپێشەکیی کتێبی(ئاخۆ هەموومان دەبینە خەڵکی چین)دا هاتووە کە لەلایەن زانای جیۆپۆلۆتیك(بییەر بیکار)ی پسپۆر لەکاروباری ئەو وڵاتەدا، نووسراوە.

وەك لەوتارێکی گۆڤاری (وجهات نظر)دا نووسراوە، ئەم کتێبە لەکاتی خۆیدا بڵاوکراوەتەوە تا زۆرترین رێژە خوێنەری بن، لەکاتێکدا کە وڵاتانی ئەوروپا لە قەیرانی ئابووری‌و دارایی مەترسیداردان، بەڵام چین لەساڵانی داهاتوودا رووەو ئاستێك هەنگاو دەنێت کە ببێتە مەزنترین هێزی جیهان‌و لەوکاتەشدا ئەمریکا دەبێتە هێزی دووەم‌و ئەورووپاش سێیەم.

**اوراق المدى**

# سەرنووسەری گاردیان ئۆنلاین:
# سوود وەرگرتن لەرۆژنامە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت

**و. شوان حەسەن**



رۆژنامەی(گاردیان)ی چاپی لەندەن تیراژەکەی نزیکەی(٤٠٠) هەزار دانەیە، بەڵام رۆژنامەی ئەلیکترۆنی(گاردیان ئۆنلاین) لەڕێی ئینتەرنێتەوە ژمارەی بەشداربووانی لەبەریتانیادا دەگاتە زیاتر لە(٦) ملیۆن کەس‌و لەدوای(BBC)وە بەپلەی دووەم دێت.

خاتوو (ئەمیلی بێڵ)ی سەرنووسەری ئەم رۆژنامە ئەلیکترۆنییە، کە ١٠ ساڵە ئەم ئەرکەی لەئەستۆ گرتووە، لەدیدارێکدا لە رۆژنامەی ناوبراودا لەوردەکاریی رۆژنامەکەی‌و گەلێ باسی تر دواوە، خاتوو بێڵ دەڵێت "ئێمە زۆر چاودێریی ئەوە دەکەین هەواڵەکانمان هەواڵ بن‌و لێکدانەوەکانیشیان لێکدانەوەبن... کارەکەمان لەلایەکەوە سەرسوڕهێنەرەو لەلایەکی تریشەوە ترسئامێز"، هەروەها دەڵێت"بەرهەمی رۆژنامە تا ئێستا ناوەرۆکی خۆی پاراستووە، بەڵام شێوەی سوود وەرگرتن لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت".

(لەژمارەکانی داهاتوودا دەقی ئەم دیدارە بڵاودەکەینەوە).

# جوانترین کتێبخانەکانی جیهان
# کتێبخانەی شاهانە لە دانیمارك

**و. لە ئینگلیزییەوە: هەستی**

کتێبخانەی نیشتمانی لە وڵاتی دانیمارك، کە بەکتێبخانەی شاهانە ناسراوە، یەکێکە لە گەورەترین کتێبخانەکانی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا، ساڵی ١٦٤٨ لەلایەن شا(فریدریك)ی سێیەمەوە دروستکراوەو تایبەت بووە بە کۆشکی شاهانەی خۆی‌و سەرچاوەی زۆری کۆکراوەی وڵاتانی ئەورووپای تێدا بووە، ساڵی ١٧٩٣ بووەتە کتێبخانەی نیشتمانیی وڵاتەکە.



# گەمەی ژیانی هاوسەرگیری

**ئا. راستی**




مانگی رابردوو، د. فاطمة الکنانی کتێبێکی نوێی بەناونیشانی (گەمەی ژیانی هاوسەرگیری) بڵاوکردەوەو تیایدا چەندین پرسیاری سەرەکیی خراونەتەڕوو، وەکو: پیاو کێیەو چی لەژن دەوێت، ئەی ژن کێیەو چی لەپیاو دەوێت، پەیوەندییان بەخودی خۆیان‌و هاوبەشی ژیانیانەوە چۆنە، چۆن پارسەنگی پەیوەندییان رادەگرن.

کتێبەکە لە نۆ بەشدایە، ئەوانیش: فەلسەفەی پەیوەندیی هاوسەرگیری، پیاو و ژن دوو رەگەزی جیاواز، یاساکانی گەمەی ژیانی ژن‌و مێردی، چەمکی خێزان، چۆنێتی درووستبوونی ناکۆکی هاوسەرگیری‌و گەورەبوونیان، شیکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی لە ناکۆکییەکان دەکەونەوە، خۆپاراستن لەو هاوبەشە دژوارە، پێگەکانی هاوسەرگیریی سەرکەوتوو.

**المدى**


| سەرنووسەر | راوێژکاران | ستافی کارا | نەخشەساز | تایپ‌و هەڵەبڕی | کارگێڕی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| یاسین قادر بەرزنجی | ئاری بابان ــ شێرزاد سەعید | محەمەد کەریم ـ تابان حەسەن ـ رۆژان سەیفور | مەهدی ئەحمەد | بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین | ئاشتی عوسمان دانش |

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتی  ت: ٣٢٠٢٧١٦ - ٠٧٧١١٥٥٥٠٩٩  Email: asoyktebkhana@yahoo.com  چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد